


# هاوڕێم گۆران

## فێرگەی کوردایەتیم

## دادم ، دادتان !

# ناوەڕۆک


1. ڕوون کردنەوەیەک ........ 3
2. بلا ناوی خوای لێ بێنین و دەس وەپی بکەین ........ 4
3. کامیل ژیر و زڤرینا وی ژ بۆ ٩ساڵ لەمەوبەر ، پەی چێش ؟ ........ 5
4. ئەرێ ئەڕا گۆران ؟ ........ 7
5. کورد هەڵەی نەکردگە و هەڵەیچ ناکات ژی ........ 10
6. کمۆنیزم مرد ، کوردە گاوانی تۆ خوەش ! دیاری بۆ گۆران ! ........ 12
7. هۆزان و هۆنراوەی جوان و ئازا و شتی دۆڕاو و ناشیرین ........ 14
8. واتایێکی نوێ ژ گەل و نەتەوە ڕا ! ........ 16
9. گۆران بەس نیە ، هەموو کورد خڕ ئەشکێنن ........ 17
10. قوڵەئاغا و هۆزان و هۆنەر ........ 19
11. ئاریشەیەک پڕ د کوور، کوور ........ 20
12. گۆران لە زمانی خۆیەوە ........ 24

# ڕوون کردنەوەیەک

ساڵی ١٩٧٩ دیوانەکەی بیکەس مان لە چاپخانەکەی " بنکە بووژانەوەی فەرهەنگی کورد " لە سەقز چاپ کردەوە ، بە بێ گوێ دانە یاسا و ڕێسای کار وفرمانی چاپەمەنی کە هیچمان لێ نەئەزانی . دەو ڕۆژانەی وشکەساڵی کوردێنی جە ڕۆژهەڵات ، مەشیا پێشتر بێکەس ی گەورە بناسێنن . باشترین بژاردەمان ، " هاوڕێم بیکەس " ی گۆران بوو و چاپە نوێ کەمان کە یەکەم بەرهەمی چاپخانەکەمان بوو بەو گوڵ و گوڵزارەی گۆران ڕازانەوە . ژیانەوە بوو و بیرئانینا هاوڕێیەتی دوو کەڵە پیاو ، دوو ئەستێرەی گەش ، دوو ڕۆژی پڕشنگداری ویژەی کورد ، دوو مامۆستای بەرزی کوردایەتی ، دوو جەنگاوەری کورد ، دوو دەنگی نەمر و هەتاهەتایی ژین و ژیاری کورد ، دوو مەشخەڵی هەمیشە داگیرساوی کاوە ئاسای سەر دوندی شاخ و چیا و کیف یەل کوردستان ، دوو بەهرە ، دوو ئافرێنەر ، دوو فریشتەی فریشتەی جوانی و هۆزان و هۆزانڤانی ، دوو ئازیز ، دوو گەورە ، دوو گشت کەسم ، دوو باوان .

تا ئێستاشی وەگەرد بووت ، توکەس ئەو ڕێچکە پیرۆزەی گورانی نەگرتووە و فریشتەی بەستە و هۆزان ئاسایی ێن " فریشتەی شێعر و جوانی " ئەڕای دەستە برا و دەستە خوشک وهاوڕێ و هەڤالانی کوڕی کۆئەستێرەی هۆزان ڤانان ، خامەی وەگەڕ بخات و لە داوێن و باوەشی فریشتەی جوانی دایکا ، گیانیان بلاوێنێتەوە بە بێ گوێ دانە جیاوازی لە بیر و بۆچوونی سیاسی .

وەرن خزمینە ، گەلی دە برادەرینە ، خانم یەل باڵا و گیان بەرز ، گوێ ڕادێرن ، ئەوە سەرگول گۆرانە لە تروپکی بەهرە و ئافراندنا ، کە گیانی سەرکەش و تووڕە و نەسروتووی بیکەسی هەموو کەس و بێکەسانمان وەپی ئەناسێنێ . گۆرانی جوانیی و جوانی پەرەست ، گۆران ئاسا ، کاکە و مامۆ و هالو وئاپ و مامۆستا سەوداسەرەکەی سلێمانیمان ، نزاکەرەکەی مانگە وێڵ و سەرگەردانەکەی ئاسمانمان ، چۆن لە بەرچاو و دڵان شیرین ئەکات ، ختوکەی ئەوەمان لا دروست ئەبێت کە بە دزی شافریشتەی جوانی و بە ئەسپایی ، تێراوی بکەین بە خەست ترین مەی و ئارەقی یەزدانی (ئەلەستی ) ، تا بگاتە ئەوپەڕی خوش مەستی سەوداسەرانەی ئەڤیندارانە ، ئەوجا وەرن بە کاوە خۆ گوێ و دڵی لێ ڕاگرن ، سترانا " داری ئازادی " بچڕێ ئەڕامان ، گڕکانی " ٢٧ ساڵە " بە ڕووی ئەهریمەنانی درۆزن و پۆخڵی مرۆڤایەتیا ، بتەقێنێتەوە ، منالانی شار و گوند بە چەپڵەڕێزان و سەما و دیلانی کوردانە لە پشتیەوە بۆی بسێننەوە ، بیکە هەرا و بەزمی جەژنە کوردانە .

لەوەتی بۆن و بەرامەی گولزاری " هاوڕێم بێکەس " ی گۆران مژی و بیری مرۆڤی کوردی زاخاو داوە و لاوانیەتەوە ، " هاوڕێم گۆران " ی گۆران ئاسایی لە بارەگا و دیوانی فریشتەی جوانی و هۆزان ، بووەتە تاسە ، ئارەزوویێکی بەدی نەهاتوو ، خەونێکی تژی گێنگڵ و نائارامی ، ئێرەیەک بە بێکەس ، بێکەس گورانی هەبوو ، لێ گۆران گورانی نیە ، وەی لەو بێ دادیەی فریشتەی شێعر و جوانی ، وەی لەو دەستەوسان و داماویی یەی کورد ، ئەمەگ ، پێزانین ، ڕێز ، ئەرک ، کوا ؟ لە کوێ یە ؟

گۆران دیکتاتۆری هۆزانی نوێی کوردیە . ئەمە هەڵسەنگاندنی یەکێک لە شاعرەکانی کوردە ( ف ش ) کە لە ئاستی باڵا دا لە ئاورووپادا خوێندوویەتی . ئەمەیچ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستی یەیە کە جێگای گۆرانی بێکەس و هاوڕێم گۆران بە ڕاستی چۆڵە . دەست و ئەژنۆی شکاوم بۆ گۆران ، ئەستۆ و دەستی شکاوم لۆ زمان ، وشە ، پەیڤ ، بەستە ، گۆرانی ، ئای ئای، حەیران ، کەلام ، هۆرە ، سیاچەمانە ، دەنگ و دەنگبێژان ، لاوک ، پەیام ، سروشت ، دەروون ، دەستی شکاوم بۆ هاوڕێم گۆران ، کوا ئەو گیانە بەرزە ، کەس نەبوو ، مەلە خوەش خوانەکەی هەورامان و قەراخ و سەر جادەی چۆڵ و سێبەر و بەهار و پاییز و بەندیخانەم لا لە شیرین شیرین تەرتەرتەر بکا . هاوار ، داد ، دادم ، دادتان ، دەروێشا عەبدۆ واتاش ، ئەوە چ دەمە ، چ دەورانە ، هونێ چ دەبێن ، ئەڤ چ زمانە ، چ پەیڤە ، گۆران ، ئێک گۆرانە و خەلاس ، پێدڤی ب چ نازناو و پاش ناو و پێش ناو نەیری براله . داهێنان ، ئافراندن ، جوانی ، بەرزی ، قوویلی ، ساکاری ، ڕەسەنایەتی ، سۆز ، خۆشەویستی ، ناسکی ، ئەمەگ ، لۆم تەواو کەن خزمینە ، هەر هەموو لە یەک پەیڤ و وشەدا کۆن : گۆران .

ئالەم کورت هێنانە و کەمایەسیەی کورد لە بواری ویژە و بێژەی ڕەسەنی کوردی ، کابرایەکی خۆ بە " ڕەخنەگرێکی سەوداسەری ئەدەب " زان ( سەلاح موهتەدی – ئیلخانی ) کە گوایە و گۆر پەیڤی خۆی " لەدامەزران و گەشەپێدانی شێعری نوێی کوردی لەکوردستانی رۆژهەلات و لەسەر ئەو رچەی کە گۆران شکاندبوی ، دەستی بالاو دەوری بەرچاوم هەبوە " بەبێ هیچ بەرهەمێکی دیار و تۆمارکراو و زانراو و ناسراو ، ڕاست ئەبێتەوە ( لە ساڵی ٢٠٠٦ ) گۆران بیراز ئەکات بە گوێرەی بۆچوونی کابرایەکی دیکە و نۆدۆستی ( کامیل ژیر ) . ئەوە ٩ ساڵ لەمەو بەر بوو . ئیستاش لە ٢٠١٥ دیسان هەمان بەزمی بیرازی گۆران لە لایەن کامیلەوە هاتوەتە ئاراوە . گۆرانی بیکەس ، بیکەس کەوتوە . بازرگانانی سەوداسەری خۆپەرەست و خۆ هەڵ کێش ، بێکەس کوژی ئەکەن . کوردەکەو ماچۆ ، خوا هەڵ ناگرێ ، گۆران زۆری بە سەر کوردەوە هەیە . تا ئێستاش هاورێم گۆران بزرە . خزم و گەل و هۆزی دە پاتەختی مەڵبەندی دە بابان ، شا و شای شاهانی وشە و پەیڤی کوردی لە بیر چووە ، ئای سلێمانی ، سلێمانی ، سلێمانی ، سلێمانی ، شابازانت ونن ، شمقاڕان ئەخوێنێن . داخم بۆ ئەم زەمانە ، ئەم دەمە . ئەم عەسرە ، ئەم رۆژە .

هەڵ بژاردنی ئەو ناوە بۆ ئەم بابەتە لۆ مەبەستی بەرپەرچ دانەوەی ئەو سات و سەودایەیە کە بە گۆرانەوە کراوە و ئەمەگێکی کوردانەیە پەی ئەستێرە گەشەی کۆئەستێرەی جیهانی ویژە و بێژەی کوردی ، خودی دەرکەتنە ژ گۆران ڕا . ئاماژەیەکە بە کورت هێنانی کورد لە مەر گۆران . دیارییێکی گۆرانانەیە پەی گۆران . بیرئانینا ێن بیرئانینا ێن گۆرانانەیە . لاسایی کرندەوەی گۆران جە بیرەوەی و ڕێز جە گۆرانە ، با " هاوڕێ " کە نامۆ و نەگونجاویش بێت .

## بلا ناوی خوای لێ بێنین و دەس وەپی بکەین

کامیل ژیر نووسینێکی کورتی لە ماڵپەری ماڵمۆکوردا بڵاو کردوەتەوە ، " کێشەی کورد و مەسەلەکەی مەلای مەزبورە " ، (http://malmokurd.com/ArticleDetail-1097-71#.VZ10hLVrVvw) و تێیدا هێندێک ڕا و بۆچوون و تێبینی خۆی لە مەر دۆخی هەنووکەیی کوردستان باس کردوە و ئاراستەی سەلاحی موهتەدی کردوە و وەک درێژەی دەمەتەقەیەکی ٩ ساڵ لەمەوبەری نێوانیان لە ساڵی ٢٠٠٦ کە لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا کە کامیل وەک کۆنە کمۆنیست دەسنیشانیان ئەکات ، بلاو ببوەوە . بابەتەکەی کامیل ژیر بە وێنەیەکی سەلاح ڕازاوەتەوە و کامیل تێکرای دەمەتەقێکەی ئەوکاتی (٢٠٠٦) دیسان کردوە بە پێش بەندی بابەتەکە و پاش بەندەکەشی بە نەقڵی مەلای مەزبوورە تەواو کردوە کە دەری ئەخات کە نە سەلاح و نە کامیل لەو مەتەڵەی مەلای مەزبوورە تێ نەگەیشتوون و لاری لێک ئەدەنەوە . لەو مەتەڵەدا، شەڕەکە لە نێوان دوو ژنە و مەرجی زۆران بازیەکەیان لە سەر ئەوەیە کە هەرکامیان کەوت ، بەر مەلا بکەوێ و مەلاش دۆخینی لێ ئەکاتەوە و ئێژێ کە یەکێکتان هەر ئەکەوێت . بەراوەرد کردنی پەیامی ئەم مەتەڵەی مەلای مەزبوورە بە دۆخی کوردستان هیچی بە سەر هیچەوە نیە و دەری ئەخات کە سەلاح و کامیل مەبەستیان نەپێکاوە . عەرەبی شێعە و سوننە شەڕیانە ، ئەمە نیوە ڕاستە و نیوەی ڕاستیەیەکەیە چوونکە عەرەبی شێعە شەڕی عارەبایەتی و عێراقیان نیە بەڵکو شەڕی عەجەمان ئەکەن . مەرجی ئەو دوو عەرەبەش ئەوە نیە کە هەرکامیان کەوت بەر کورد بکەوێ بەڵکو ئەوەیە کە هەرکامیان سەرکەوت ، سەری مەلای مەزبوورە واتە کورد بخۆات . ئیتر لێرەدا مەلای مەزبوورە بۆی نیە دۆخینی لێ بکاتەوە و چاوەڕوانی بەشەکەی بێت لەو هەرایە بەڵکو ئەبێ وریای ئەوە بێت کە یەکیان هەر سەرئەکەوێت و بەشی مەلاش فەوتانە. ئەبێ پیری کاری خۆی کردبێتە سەر سەلاح و کامیل و کێشی ئەوەیان نەمابێ کە تەنانەت مەتەڵێکی ئاوەها ساکار لە جێگەی خۆی دا دکار بێنن .

## کامیل ژیر و زڤرینا وی ژ بۆ ٩ ساڵ لەمەوبەر ، پەی چێش ؟

سەلاحی موهتەدی ( ئیلخانی ) لەم دوایانەدا لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میدیای ڕووداو ، بەشی بەرنامەی پەنجەمۆر (http://rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/pencamor06012015muh) پێی لەوەنا کە پیاوی ساواکی عەجەم بووە و وەگەرد خزم یەلی ، سوارەی ئیلخانیزادە و موفتیزادەی ، لۆ فسۆسی نێردراوەتە ئاورووپا . ئەم پێ لێ نانەی سەلاح خەڵکێکی زۆری تاساند و تێکرای ئەو دەنگۆیانەی لە مەڕ ساواکی بوونی سەلاح لە ئارادابوون ، پشت ڕاست کردەوە . بۆ موفتیزادە نەم بیستوە ، لێ سوارە قەت نەی ئەشاردەوە کە پێوەندی بە ساواکەوە هەیە . مەفتیزادە و سوارە خاوەن بەهرە بوون و گومان لەوەدا نیە کە باجی وەگەڕختستنی بەهرەکەیان بە تێکەڵاوی وەگەرد ڕژیمی عەجەمان و دەزگای ساواک داوە ، وەک سوارە بە ڕاشکاوی باسی ئەکرد . ئەوەیچ ڕێکارێک بوو کە هێندێک خەڵک بە ناچاری ئان ژی بە بژاردە لەو سەردەمەی دەم بەسانی ڕژیمەکەی قولیزادە ڕچاویان ئەگرت و لەو ڕیکارەش دا وەزنیان پەی کەس نەبوو ئانکو وەک کرابوە جەفەنگ ، ئەگوترا کە ئەو ڕێکارە زەرەری بۆ پەز نیە . سەلاح ئەو دوو کەسەی کردوە بە شەریکە دزی خۆی و پاساوی ساواکی بوونەکەی پێ ئەدات . سەلاح خاوەن چ بەهرەیەکی هونەری و وێژەیی نەبووە و نیە تاوەکو مینا سوارە و موفتیزادە پاکانە و پاساوێک پەی تێکەڵیەکەی وەگەرد ساواک وەپی بکات . هەر بۆیە کە ئەشی کردەی سەلاح لەو دوو کەسەی دیکە واتە موفتیزادە و سوارە جیا بکرێتەوە و پەردە لە سەر فێڵەکەی سەلاح و ساواک هەڵ بدرێتەوە .

سەلاح و تێکرای ئیلخانیەکان زۆر خراپ دۆڕاندیان و پەردەی کۆن و نوێیان هەر لە کاتی کۆماری مهاباد هەتا سەرهەڵەدانی جووتیارانی بۆکان ( چۆمی مەجید خان ) ، هەتا شۆڕشی بارزانی و بەزمی بەکرەجۆ و هەرای ٤٦-٤٧ (١٩٦٧-٦٨) ی ڕۆژهەڵات و هەتا بەزمی کمۆنیستی و حزبی کمۆنیستی کریکاری عەجەمان ، لە سەریان هەڵ دڕایەوە . ئێمە لە وتارێک دا بە ناوی "چەند خاڵ لە مێژووی تێکشکانی ڕەوتی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵات " برە زانیارییێکی فرەترمان لەم پێوەندیەدا هێنایە گۆڕێ و بڵامان کردەوە .

براننە ئەم ناونیشانە: (http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2015031019375265289)

لۆ نەگبەتی و نەهامەتی سەلاح و ئیلخانیەکان و هۆگرانیان ، ئەم پەڕۆی پەنەی ( پەیڤی گۆران ) - (پەنگەی – سلێمانیانە ) سەلاح  لە کاتێک دایە کە جەلال تاڵەبانی مامۆستای سەلاح نەخۆش کەوتوە و لە کاروباری سیاسی دابڕاوە و ناتوانی دەهاواری سەلاحەوە بێت و هەڵە وپەڵەکەی لۆ پینە بکات و کەسایەتی یە درۆزنانەکەی لۆ بپارێزێ . لە وەها دۆخیکدا و لە نەبوونی مام جەلالا ، وادیارە کە کامیل ژیر دەفریای سەلاحەوە هاتووە و بە دیسان بڵاوکردنەوەی دەمەتەقێی ٩ ساڵ لەمەوبەر بەتامایە سەلاحمان لە زمانی خۆیەوە پێ بناسێنێ و لە سەر سەلوێنکی ساواکەوە هەڵی داتەوە بۆ کابراییێکی " گەوهەرئاسا "هەر لەلای گەوهەرییە قیمەتی گەوهەر!!- سەلاح ؛ گەوهەرەکە سەلاح و گەوهەریەکەش کامیل ژیر" و ڕخنەگرێکی کوردانەی گۆران و قوتابێکی ڕیبازی نەتەوەیی وەک ئەوەی کامیل ژیر واتە کاژێکیانە وپاسۆکانەی دواتر. وادیارە کە هەل پەرەستی و نان بە برخی ڕۆژ خواردن لۆ سەلاح سنووری نیە . ئەو هەتا دوێنێ پیسترین دوژمنایەتی وەگەرد بارزانی و ماڵە بارزانی کرد لە سەر فیت و فیاتی بەکرەجۆ ، کەچی ئێستا خۆی و بنەماڵەکەشی وەک دۆستی بارزانی و میرزا بنوویسی ( عەریزە نووس – گۆر هاوڕێیانی کۆنی کۆمەڵە )  ئەو هەرزان فرش ئەکات . هەتا دوێنێ چەپ و کمۆنیست و سازکەری سەرەکی حزبی کمۆنیستی کریکاری عەجەمان بوو ، کەچی ئێستا ئەوەتا بووگەسە ڕێبواری ڕێبازی نەتەوەیی کاژیکانە و گوایە ئاستی کورد بوون و کوردایەتیەکەی بارزانیشی بە دڵ نەبووە . با ئیتر خو هەڵکێشان و کەش و فشی قوڵەئاغایانەی لە بەرپا کردنی شۆڕش و ڕخنەگری ئەدەب و دەوری باڵای لە دامەزراندن و گەشەپێدانی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵات و دەروێشی تەریقەرتی کوردایەتی و هۆگری خۆیبون و هیوا و ژ ک و چی چی تر، بوەستێ . لە خۆڕا نیە کە هاوڕێیانی کۆنی ، هاوڕێیانی کۆمەڵە، ماڵی شێخ عێزەدینیشیان وەگەرد بووت ، خۆیان بە تەفرەدراوی

دەستی سەلاح ئەزانن و تەنانەت بە بیستنی ناوی خۆی و بنەماڵە ئیلخانیەکەی بیزار ئەبن و بێزی لێ ئەکەنەوە . قوربانی یەل دەستی سەلاحیش ئیدی باسیان ناکرێ .

ئەوەی کە کامیل ژیری کۆنە شیوعی و جەماڵ نەبەزی بە ڕەچەڵەک تورک ( وەک لە کۆنەکانی باشوور بیستوومە ) چەندە نەتەوەیی بوون و تا چ ڕادەیەک خزمەتیان بە ڕەوتی بزاڤی نەتەوەیی کورد کردوە خۆی جێگەی باسە و ئێمە لە وتارێکدا بە ناوی " بارزان ئانکو بەرلین " (http://www.helwist.com/Xeber/2015/1/2%20%202%20Kardux-%20cemal%20nebez.htm) بە کورتی باسمان کردوە . بەڵام ئەوەی کە کامیل ژیر ناڕاستەوخۆ و لە زمانی سەلاح خۆیەوە ، سەلاحمان بۆ ئەکاتەوە بەو سەلاحەی کە بێژێ کە " بەمجۆرە کامیل ژیری (کورد کوژە) لەلای من بوبە بیرمەندێکی ئەو ڕێبازەی کە خۆشم ڕێبواری بوم " ، دیارە زۆر هەڵ ئەگرێ . کامیل ژیر، ئەگەر لە بیری مابێ ، لە گێڕانەوەیەکی دا ئەحمەد تۆفیق ( عەبدوڵای ئیسحاقی ) ، کەسی یەکەمی حزبی دیمۆکراتی کوردستان ( ڕۆژهەڵات ) بە هاوڕا و هابیری خۆی ئەناسێنێ کە گوایە لە ناو حزبدا کاری لۆ کاژیک کردبێ . سەلاحیش دوژمنی خوێنینی ئەحمەد بوو. سەلاحی " ڕێبواری ڕێبازی " نەتەوەیی کاژیکانە دەبا ڕێبواری ڕێبازی کوردانە و نەتەوەیی یانەی ئەحمەد تۆفیق با ، وەک بۆخۆی ، خۆی ئەکاتە هاوبیری کامیل ژیر و کاژیک و ئیدی ئەو دوژمنکاریەی وەگەرد ئەحمەد ئەیکرد ، ئەبێ چ واتایێکی هەبێ . کامیل ژیر دەبا فرە لەوە ژیر و وریاتر با کە ئەو گوتەی سەلاح بە هەند وەربگرێ . کامیل وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێستا ، دەبا بیزانیبا کە ئەحمەد وەک مرۆڤێکی نەتەوەیی هەرە دیاری ڕۆژهەڵات ، ناو و ناوبانگی ژیاوەتەوە و سەلاح لە کوێ و ئەحمەد تۆفیق لە کوێ لۆ هاوبیری مرۆڤی نەتەوەیی کورد . ئەگەر کامیل ، ئەحمەد تۆفیق بەو جۆرە ئەناسێنێ ، ئیتر بوارێک بۆ سەلاحی دژبەری ئەحمەد نامێنێتەوە کە خۆی وەک ڕێبواری ڕێبازی نەتەوەیی هەرزان فرۆش بکات . مەلا کەریمی شاریکەندی بە فیت و دەستی سەلاح و کۆمەڵەکەی بەوپەڕی ناجوامیری یەوە تێرور کرا تەنیا لە بەر ئەوەی بیری نەتەوەیی هەبوو و وەک مرۆڤێکی نەتەوەیی دژی کردەی سەلاح لە دوژمنایەتی پارتی و بارزانی بوو . کامیل ژیر یان ئەوەتا ئاگای لە پێشینەی سەلاح نیە ئانکو دەس خۆشانەی تێروری مرۆڤێکی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی لێ ئەکات . سەرەڕای ئەمەش ئەوە ڕاستیەکی مێژوویی کوردە لە باشوور کە هۆگران و هەڵگرانی ڕاستەقینەی بیر و هزری نەتەوەیی و کاژیکانەی ڕاستەقینە وەک فەتاح ئاغا و شێخ محەمەد هەرسینی و حەمە عەزیز ، بە تێکڕا و خڕ لە ڕیزی شۆڕشی بارزانی و باشووردا بوون و قەت لێیان لانەدا و گیانیان لە پێناویا دانا . بەلەبەر جاوگرتنی ئەم ڕاستیە ئەوە ئیتر جەفەنگێکی ناشیرین و نەشیاوە کە سەلاح خۆی لە ڕیزی ئەو مرۆڤە کورد و کوردستانیانە بە خەڵک بناسێنێ و بە کامیل ژیری هەرزان فرۆش بکات و کامیلیش بە ڕواڵەی نەک هەر لێی وەرگرێ ( ٩ ساڵ لەمەوبەر ) بەڵکو ئێستا تازە بە تازە دەرخواردی خەلکیکی بداتەوە کە سەلاحیان باشتر ناسیوە .

پاسۆک درێژەی کاژیک بوو و کۆمەڵێک مرۆڤی نەتەوەیی و کوردستانیی لێ ئاڵا کە بوونیان هێمایەک بوو ئەڕای بەردەوامی بیر و هزری نەتەوەیی لە کات و ساتی خۆی دا . کامیل ژیر نابێ ئاگای لەوە نەبێت کە لە کاتێکدا کاژیک ، پاسۆکی لێ شێبن بوو ، سەلاحێکە خۆی وەک ڕێبواری ئەو ڕێبازە لە قەڵەم ئەدات ، جیا لە تێروری کەسایەتێکی نەتەوەیی وەک مەلا کەریم ، بزاڤی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵاتی تووشی گاوەرترین کارەساتی مێژوویی و نەتەوەیی کرد و لە سەر ڕێچکا بەکرەجۆی گۆرین ، پەی هێنانەدی خەونی نەزۆک و لەبار براوی بەکرەجۆ ، کردیە قوربانی لۆ چەند کەسێکی کمۆنیستی عەجەم و فرێد هاڵیدەی لۆ سازکردنی کمۆنیستی کرێکاری کە بیری نەتەوەیی بە هی چاخی گەوجی و کەرایەتی مرۆڤ ئەزانی . ناساندنەوەی سەلاح وەک ڕێبواری ڕێبازی نەتەوەیی کاژیکانە و لەمەش هەر زۆر خراپتر و جەفەنگتر، ئی دە پاسۆکانە ، لە لایەن کامیل ژیرەوە ، سووکایەتی یە بە ڕێبازەکە و گیانی بەرز و پیرۆزی ئەو پێشمەرگانەی کە لە ژیر تەوژمی گاورە و گرانی دەرەکی و ناوخۆیی دا ئاڵای نەتەوەییان بە بەرزی ڕاگرت و جێگەی شانازی و ڕێز و ئافەرینی مێژووی کوردن .

## ئەرێ ئەڕا گۆران ؟

جەفەنگی چەواشەکاری سەلاح لەوەدایە کە کورد بوون ونەتەوەیی بوونی بابەتی کاژیکیانەی خۆی بە ڕخنە و لێدانی گۆران دەس پێ ئەکات و ڕخنەکەشی ئەبەستێتەوە بە هەڵس و کەوتی سیاسییانە و حزبیانەی گۆرانەوە . کامیلیش بۆی پشت ڕاست ئەکاتەوە و ئاماژە بە هێندێک بیرۆکەی کمۆنیستی لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کورد ئەکات . کامیل لەم دان و سەندنە بازرگانانەی وسا خویا ئەکاتن کو جەنابیان تێکڕای بیرۆکە و پۆخڵێی کمۆنیستەکان لە مەر بزاڤی نەتەوەیی ، ناڕاستەوخۆ ئەداتە پاڵ گۆران ئانکو ئەی بەستێتەوە بەو دۆخەی کە گۆران تیا ژیاوە و هۆنراوەی " من عێراقم "ی گوتووە. لەوانەیە کە کامیل ژێر بیەوێ گۆرانیش وەک " بۆلشویکەکانی سلێمانی " سەردەمی شێخ مەحموود و دواتر، بە خەڵک بناسێنێ کە ئەگەر لە مسکۆ باران بباریبا ئەمان لە سلێمانی چەتریان هەڵ ئەدا ولە جیاتی مەعاریفی کوردستان داوای مەعاریفی قلیاسانیان ئەکرد .

" من گەلم ، گەلی عێراقم " لە ناو هونراوەی دوور و درێژی " بت - بتەوان " ی گۆران دا هاتوە و سەلاح و کامیل چەواشەی ئەکەنەوە بە "من عێراقم " لۆ مەبەستی لێدانی گۆران لەم سەردەمەی ئێستادا کو نەک هەر برەوی نێە بەڵکو دژبەریشی فرەس لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریا . خەڵکینە دادتان ! ئەمە نەزانی یە ، ناشارەزایی یە ئانکۆ دەس پیسی و چەواشەکاری؟ کا ها وەکووره " هونراوەی " من عێراقم " ی گۆران ؟ تشتەک وسا تونەیە . بیرمەندی نەتەوەیی کورد ! و قوڵەئاغای کۆنەساواکی هاوهاوی ، ئەوەندە ناشارەزان لە گۆران کە تەنانەت چاوێکیان بە دیوانەکەی دا نەخشاندووە تاوەکوو لۆیان دەرکەوێ کە بت و بتەوان ناوی هۆنراوەکەیە کە "من عێراقم " ی هەر تێدا نیە . ( لۆ بینینی دەقی هۆنراوەکە ، بڕواننە بەشی دوایی ئەم بابەتە : گۆران لە زمانی خۆیەوە )

سەلاح لەم هەڵپەی دا گۆران تا ئەو ئاستە نزم ئەکاتەوە کە ئێژێ : " ئەگەر ئەوڕۆ سەیری عیراقی سەردەمی کردبایە، گۆران دەبو بڵێ: من عیراقم، من عیراقم، شیعە ئەو لاقم، سونە ئەم لاقم، کوردیش ناوگەڵۆزم لەپشتەوە تەپوتۆزئەکا! " . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە سەلاح لە بازرگانی کردن بە مێژینەی گۆرانەوە ، هەموو گیانی مرۆڤانەی گۆران ئەکوژێ و وا لە خەڵک ئەگەێنێ کە ئەگەر گۆران بمابا و بگەیشتبایەتە ئەم سەردەمە ، هیچ گۆڕانکارێکی بەسەردا نەئەهات و هەر هەمان گۆرانی شیوعی ، ئەو شیوعی یەی کامیل باسیان لێوە ئەکات ، ئەمایەوە . دیسان ، خەڵکیە دادتان ، گۆران لە پێشەکی بەستەی " لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا " ئێژێ کە کوریای باکوور کمۆنیستن و " هەرچی منیشم بە ئایین موسڵمان و، بە باوڕی سیاسی دیمۆکرات وبە شەرەفی جنسییە هاونیشمانێکی عێراقم " . کە ئەمەش پێناسەی گۆران بێت لە زمان و هەڵسەنگاندنی خۆیەوە ، ئیتر ئەو بەزمی شیوعی و کمۆنیست و حزبی و سیاسی کمۆنیستانە وچەپانە کە بۆی هەڵبەستراون و سەلاح و کامیل ئەی ژێننەوە ، پووچ و بێ بنەما ئەبنەوە و ئەبێ مەبەستی ناڕەوا و فێڵەبازانەی سیاسی لە پشت بێت پەی دابڕانی گۆران لە خەڵکەکەی ، خەڵکی کورد و کوردستانەکەی .

سەیر و سەمەرەش لەودایە کە سەلاح ئەو بیرازکردنەی گۆران ، گۆر بیرۆکەی خۆی ، وەک " ڕخنەگرێکی سەوداسەری ئەدەب " دەرخواردی خەلک ئەدات . ئەم بەزمە سووکەی سەلاح وەک یاری هالیوودە بە ماشینی کات (Time machine) و خولیای کۆمەڵە خەڵکێکی ناشارەزا لە فیزیک و پانتایی و قووڵایی جیهانی بوون و سروشتەکەی . تەنیا لە وەها گەمە و خولیایێکی منداڵانە و ناشارەزایانەدا ئەکری گۆران وەک خۆی و سەردەمەکەی ڕابگوێزینەوە بۆ ئەم سەردەمە . وەرن با تێکڕای کەسایەتیە هەرە کۆنەکانی مرۆڤایەتی لە بواری زانست و ئایین و کۆمەڵایەتی بەگشتی و خڕ بەم شێوازی سەلاح، بەڵام بە دوور لە بازرگانی و بەرژەوەندی تایبەتی مینا سەلاح ، بهێرینەوە بۆ جیهانی سەردەم و پەیڤ و گوتەکانیان لۆ دیاردە سەردەمیەکان دکار بینین با بزانین چی لێ ساز ئەبێت . سەد بریا خامەیەکی بە پێز و فەرمان هەبوایە و چیرۆکێکی ئاوەها و گەمەیەکی خەیاڵاوی لەم بابەتەی لۆمان تۆمار بکردبا . دڵنیام وەک شێوازێکا نڤیسین تشتەک خوەش و بالکێش دەر ئەچێ . لێ ئەوەی سەلاح کردویە و ئەیکا لە مەر گۆڕانەوە ، جەفەنگی دیواخانی قوڵەئاغایانەی بابەتی خۆیەتی کە ڕەنگدانەوەی نەزانی و ساویلکەیی و دووری لە زانست و شێوازی زانستی یە .

داهاتوو بە وردەکاریەوە فرمانێکی نادیارە و کەم کەسی شارەزا هەیە کە خۆی لەو بوارە بدات . تەنانەت خۆل و گەڕی مانگ و ڕۆژ و گۆی زەوی و ئەستێرە یەل و کۆئەستێرەکانیش دەق و بەتەواوەتی لە سەر یەک شۆپ دووپات نابێتەوە و نامەشیَ . لە بەرانبەر ئەمەدا ، ڕابردوو بە وردەکاریەوە تۆمار کراوە و مرۆڤ دکاری لە خەیال و بۆچوونی خۆیدا زیندویان بکاتەوە . لەم سۆنگەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ، تەنیا لە خەیالا ، بۆی هەیە هێندێک باڕی ڕاستی بە خۆیەوە بگریَ . بەم پێە ، ئێمە نها ئەتانین دۆخی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و هزری سەردەمی گۆران کە هێشتا زوور دوور نەکەوتوەتەوە، بێنینە بەرچامان و تەنانەت شرۆڤەشی بکەین . پێچەوانەی ئەمە ، پێچەوانەیە و نەشیاو . ئەمەش پێوەندی بە ڕەوتی کات و زەمان و تێکڕای ئەو جوولان و ئەو ئاڵ و گۆڕەی کە ئەو جوولانە پێکی دێنیَ ، هەیە . فەرهەنگ و فەلسەفەی چینی گوتنێکی خوەش و جوانی هەیە کو دەبێژیَ : " تە قەت دووجاران پیَ ناخەیتە ناو یەک چەمەوە " کە مەبەستیان ئاوی چەمەکەیە و بەو مانایە کە ئاوەکە وەک کات وەستانی نیە و ئەو ئاوەی تە ئێشتا ئەی بینی ، ئاوەکەی ساتیَ لەمەبەر و لەمەوپاش نیە . ئەمە ڕاستیەکی زانراو و سەلمێندراوە و نکوولی هەڵ ناگریَ . جا ئەگەر ئەم راستیە لەبەرچاو بگرین و بڕوانینە ئەو گەمەی سەلاح ، ئەوجا لۆمان دەرئەکەویَ کە ئەوەی سەلاح ئەیکات لە مەڕ گۆرانەوە . بیَ بنەما و پووچە . وەک ئەوە وایە بگەڕینەوە بۆ ١٩٥٨ و داوا لە گۆران بکەین ڕا و بۆچوونی وردی خۆی سەبارەت بە ٢٠٠٦ ئانکو ٢٠١٥ دەربڕی و واشی دەربڕی کە دەق وەگەرد ڕووی ڕاستی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی سالانی ٢٠٠٦ و ٢٠١٥ ەکەی سەلاحا جووت بێت . لە ١٩٥٨ داوا لە گۆۆران بکەین کە نەک هەر عارەبی شێعە و سوننە ، داعش و حەشدی شەعبی بە هەموو ئارە دژە مرۆیی کانیانەوە ببینیَ بەڵکو باری سرنجی خۆی بە بەهرەکەیە وەک هۆنراوە داڕێژی لۆمان . کیَ هەیە و بڕێک مێشکی ساخ و ساخڵەمی هەبێتن و خۆی ئاوێتەی ئەم گەمە بیَ مانایە بکات . ئەم گەمەیە دژی یاسای فیزیکە ونەشیاو و نەگونجاو . لەوانەیە لە هەموو جیهانی مرۆڤایەتی دا و تەنانەت مێژووکەشی ، کابرایەکی وەکی سەلاحمان دەس نەکەویَ کە مینا وی دژ بە هەموو یاسا و ڕێسا و بنەمای نرخی مرۆڤانە بجوڵیتەوە و دژی یەک لە هەرە بەرزەکانی مرۆڤ بەکاری بێنیَ و دەرکەوتەی مێشکی خۆی بداتە پاڵ ئەو مرۆڤە هەڵ کەوتە دەگمەنەی کورد .

قووڵایی جەفەنگی سەلاح لە مەڕ گۆرانەوە کاتێک پتر خویا ئەبێتن کو ، بە هەمان شێوازی سەلاح ، گۆران بهێنینەوە بۆ ٩ سال دواتر و سەردەمی ئێستا . ئەگەر بە هەمان شیوازی سەلاح ، پەیڤی گۆرانی کۆن بکەینە پێوار ، ئەوە ئێتر لاقی شێعە و لاقی سوننە ئەگۆڕدرین بە داعش و حەشدی شەعبی ( لفە دووانەی بەسیجی عەجەم و لفەدژانەی داعش ) . ئانکو بلا بزڤرینە سەردەمی سەدام و بەعسی ، ڤیَ گا چی ؟ وەکی پیر و کالە مێر و کالە ژنێن کورد ئەبێژن ، پەنامان بە خوا و خوا بمان پارێزی ژ وان " بیرمەندی نەتەوەیی و رخنەگرێت ئا سەوداسەرێد ئەدەب " ، کەسپ و کاریان پووچە . گۆران ، شا ئەستێرەی وێژەی کوردان بەرزە ، نەمرە ، کالای بازرگانی سڤک و قرێژ نیە ، توجاران . گەمەی سەلاح و کامیل هەتا بێژی ناشیرینە و پەرژینیَ بە گوڵ بیَ ، هەتا زیاتر چیلکەی تیَ بخەی بۆنی پیسیی فرەتر لیَ هەڵ ئەستیَ .

بلا تۆزکالێک باسی ئەو سەردەمە بکەین کە گۆران شێعری بت – بتەوان ی هۆنیەوە کە " من گەلم ، گەلی عێراقم " ی تێدایە . یەکەم ، سەلاح دەسکارییێکی دەس پیسانەی بە مەبستی لە شێعرەکەدا کردوە و کردویە بە " من عێراقم من عێراقم " کە تەنانەت لۆ ئەم سەردەمەی مە ژی ، دوو واتا و ناوەرۆکی جیاوازیان هەیە . مێژووی هۆنینەوە ئەو شێعرە "بەعقوبە – تەمووزی (مانگی ٧ ، جوولای ) ١٩٥٨ " ە . ئەم سالی ١٩٥٨ مەشیا لۆ کامیل گەلەک بالکێش با . کامیلیچ ، هەتا ١٩٥٨ شێوعی بوو و هەر هیچ نەبیَ دەبا خاوەنی بیرۆکەیەکی وەک ئەوەکەی گۆران با ، گۆر شێوعی بوونی . ئەمەش ئەشی بەوە لێک بدرێتەوە کە ئەگەر کامیل هەر ڕخنە و تێبینییێکی لە سەر ئەو بۆچوونەی گۆران هەیە ئێستا ، ئەبیَ یەکەم جار ئاراستەی خۆی بکات ، گەر دەی هەویَ خەڵک بە هەندی وەربگریَ . کامیل ژیر ، سەلاح لەوە ئاگادار ئەکاتەوە کە ئەو شێعرە لە چ دۆخێکدا گوتراوە و واشی باس ئەکات کە کەس ریَ نەباتە ئەو ڕاستیە کە جەنابیشیان لەو دۆخەدا یەکێک لەو چەپ و کمۆنیستانە بوون کە ئێستا بە تانە و تەوسەوە بیری سەلاحیان ئەهێنێتەوە . وەبیر هێنانەوکەشی بە ڕوونی ئەوە دەرنەخات کە کامیل ئەداتە پاڵ سەلاحی نۆدۆستی بەوەی کە شانازی و دڵ خۆشی خۆی دەرئەبڕی لۆ ئەوەی کە بواری بیرازکردنی شێعرەکەی گۆران لە لایەن کۆنە کمۆنیستانەوە دراوە بە سەلاح . بەم فێڵە نزمە کامیل ، بە هەر چوار پەلەوە پێوە ئەبیَ و ئەکەوێتە ناو تەپکەی سەلاح کە وەک پەتکێک ئانکو پردەبازێک دکاری بهێنیَ پەی خۆ بەستنەوەی بە کاژیک و ڕەوتی نەتەوەیی کورد جە باشوور.

ئینجا با باسی ناوەرۆکی شێعرەکەی گۆران و بیرۆکەی برایەتی کورد و عرەب بکەین دەو سەردەمەدا . گۆران ، گیانی فایق بیکەسیشی وەگەرد بووت ( دۆستێتی کوردو عەرەب زۆر زۆر کۆنە مێژو شاهیدە     ناحەزی دوژمن لە داخا با یەخەی خۆی دادرِیَ) ، ئەبی بەو دۆخەی پاش کوودەتای ١٩٥٨ ی قاسم ، گەلەک خەنی بوو بێت وەک لە هۆنراوەکانی ئەو کاتەی دا دیارە . کوودەتای قاسم و گەرانەوەی بارزانی و راگەیاندنی برایەتی کورد و عەرەب و ناساندنی کورد وەک برابەشی عێراق و تێکەلێ و نزیکایەتی بارزانی گەورە وناسر و قاسم و لێدانی دراوی نەخشاو بە خەنجەری کوردی و شمشێری عەرەبی ، دەق ئەو چتانە بوون کە گۆران ی ئەو کات و زۆربەی هەرە زۆری ، گەر نەبێژین گشت کوردێک ئاواتی بوو . کوودەتاکەی قاسمیش گرێ درابوو بە رەوتی کمۆنیستی یەوە و ئیتر ئەوەی کە گۆران باسی کردبوو راستەو وراست ، گەر لۆ ماوەیەکی کورتیش بوو بێت ، هاتبوە دی . بریا بواری ئەوەمان هەبا کە لێکۆلینەوەیەک و بەسەرکردنەوەیەکی ئەو کاتەمان لۆ لوابا و ئەومان ساخ بکردایەتەوە داخوا خەلک ، بە کورد و عەرەبەوە ، لەو کاتەدا چۆن لە گۆران و پەیامە فریشتەئاساکەیان روانیە کە پێشتر جارِ و بانگی وەها دۆخێکی دابوو . ئەوجا گوێمان لە کەسانی وەک سەلاح و کامیل بگرتبا و بمان زانیبا مەبەستایان لە بیراز کردنی گۆران بەو شێوە نزمە ، چیە . ناکرێ وسا دای نێین کە کامیل و سەلاح ئاگاداری ئەو رِووداوانەی ١٩٥٨ و یەک دوو سالێ دواتر نەبن ، هەم تەمنیان و هەمیچ ئاوێتە بوونیان وەگەرد سیاسەت ڤێ چەندە پشت راست ئەکەنەوە کو ڤان تەڤ تەڤگەرا سیاسی ڤێ چاخێ بووگن . ئەمەیچ ئەمان هێرێتە سەر ئەو پرسیارە کە ئەم بەزمەی ئێستایان لە چیە و چما گۆران کرنە ئارمانجا گەمەێد خۆە ئا پرِ نەقنج و ناشیرین گەر نەبێژین قرێژ .

سەلاح لەم گەمە و فێلەی دا سەرکەوتوو بووە تا ئەو رادەی کە ئێستا و لە رۆژی تەنگانەی دابەزین و هەرەس هێنانی هەمەلایەنەی کۆشکەلانی بەدرۆ و فێل هەل چنرای ، دەفریای بکەوێت و پاش ٩ سال ، بەری ئەو فێلەی بچنێتەوە . کامیل ژیر هەر زۆر بێ ئەمەگانە ئەو بوارە بە سەلاح ئەدات کە بێژێ : " گۆران، گۆرانی رچەشکێن بەرلەوەی لەسەر تەختی خەستەخانەو بەنەخۆشیی شێرپەنجە بمرێ ، لەناو تابوتی شێعرە حیزبییەکانی سالانی کۆتایی تەمەنیدا نێژرابو " . دیسان سالی کۆچی دوایی گۆران (١٩٦٢) دەستی فێلەبازانە و ئارمانجا ئا پرِ نەباش ێن سەلاح ئەکاتەوە . سەلاح ئاماژە بە " تابوتی شێعرە حیزبییەکانی سالانی کۆتایی تەمەنی " گۆران ئەکات و لە ژار رِشتنەکەشی دا کە بە رِخنەی ئەدبی هەرزان فرۆشی ئەکات بیجگە لەو یەک برگە لە شێعرێکی گۆران ناوێکی تر و شێعرێکی دیکە ناهێرێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بنە و بناوانی بەقەرار رِخنەکەی بشێلێ و دای کوتێ . سەلاح هەر یەکجار زۆر دەس پیسانە ئەم باسەی هێناوەتە ئاراوە و لۆ ختووکەی کامیل و بیری ساویلکانەی نەتەوەیی دکاری تێنێ . سەلاح وانیشان ئەدات کە ئەو هەستی ناتەبایی یەی نێوان کورد و عەرەب نها هاتگەسە ئاراوە ، لە سالی ٦٢ دا ژی بەو زەقیە لە رۆژەوەی رۆژی ژیانی کوردا بووگە . ئەمەش دیسان فێلێکی سەلاحانە و مامۆستاکانیەتی کە لە خەلک و لە کامیلی ئەکات .

وەک باسکرا و ئاماژە وەپێ هاتە کرن ، جە سالی ١٩٦٢ دا بە دەگمەن چالاکێکی بزاڤی نەتەوەیی و رِزگاریخوازانەی کورد دەس ئەکەوت کە پێچەوانەی گۆران بیر بکاتەوە . رِووناکبیر و شۆرِشگێرِ و هەل سووراوانی دۆزی کوردی و کوردێنێ چ گرفتێکیان وەگەرد بیری برایەتی کورد و عەرەب و پەیامەکەی گۆران نەبوو . ئەو تابووتەی کە سەلاح ئێستا بۆ گۆرانی ساز ئەکات دروسکراوی مێشک و مژی نەخۆش و فێلەبازانە و چەواشەکارانەی سەلاح خۆیەتی و بەس و لۆ مەبەستی بازرگانی دزێو و بێزهێنەر ، ئەگینا کەی کورد و تەنانەت بزاڤە نەتەوەیەکەشی گەیشبوە ئەو ئاستەی کە وەها هەلوێستێکی رەق و توند و وشک لە دژی یەکێک لە هەرە ناودارەکانی خۆی لە بواری وێژە و بێژە کوردی دا بگرێ . ئەوە گریمان کە کورد گەشتبێتێ ئەو ئاستەی کە بە زانا بوون و شارەزایی تەواو لە رەوتی مێژووکەی ، رەخنە و تێبینی تەواو بە جێ و راست و دروستی لە کەسایەتێکی هەرە گەورە و ناوداری خۆی وەک گۆران هەبێ ، ئیتر ئەو کوردە ئانکو هەر نەتەوە و گەلێکی دیکە ئەبێ زۆر سپلە و بێ ئەمەگ بێتن داکو گۆرانە مەزنەکەی خۆی پێش مردنی دەناو تابووتی شێعرە پەسەند نەکراوەکانیدا بنێژێ . سەلاح کورد لەو ئاستەدا ئەبینێ ئەویچ لە سالی ١٩٦٢ و بەرەو خوارتر .

سەرەرای هەر چەشنە تێبینی و بۆچونێکی ئیمرۆژی لە سەر ناوەرۆکی ئەو خەرمانە سوور و رەنگینەی گۆران لەو سەردەمەدا کە هەر کەسێک بە هەر بۆچوون و بیر و هزرێکەوە هەی بێت ، جوانی و بەهرەی بەرز و داهێنەرانە و بە تایبەت زمانی رەسەنی کوردی گۆران لەو بەرهەمانەی دا ، دەق گۆران و گۆرانیە . سەلاح لە ژار رِشتنی لە دژی گۆران

و کەش و فشی " رخنەگری ئەدەبی " ناوەرۆکی شێعرەکانی گۆران ئەکاتە بیانوو و هۆکارێک کە تەنانەت بەهرە و لێهاتویی و توانای هۆزان بێژیی گۆرانیش ئەخاتە ژێر پرسیارە و لۆ کاراتەرتەر کردنی ژارەکەی ئەبێژێ کو ئەو شێعرانەی " لارێ و ناسەرکەوتوبو. بێ هێزو بێ پێز ، دور لەو جوانی و ئەوینەی کەهەمیشە ئاوێتەی شێعرە نەمرەکانی بوا" . بەڵگەش چیە؟ تەنیا پەیڤی سەلاح ، چ نموونە و بەڵگەش پێویست ناکات ، قوڵە ئاغای دۆڕاوی خۆ بەزل زان فەرموویەتی و کامیل ژێر بۆی لە ئەستۆ ئەدات .

لۆ خەڵکانێک کە تەمنیان بواری ئەوەیان پێ ئەدات کە بیرەوەری ساڵانی بازارگەرمی کمۆنیستیان لە بیر مابێت ، خویایە و رند ئەزانن کە شێوازی رخنەگری سەلاح شێوازی کمۆنیستی ستالینیستی یە . ئەگەر کەسەک وەگەردیان نەبوایەت ، ئەوە دوژمنی پرۆلیتاریا بوو و بەهرە و توانای هۆنەریشی لە کەشکەشانی ( کاکێشانی ) فەلەکیش دا با ، ئەوە لۆ وان هەر دوژمن بوو و هونەر و بەهرەکەشی سووک و چرووک . کاتی خۆشی بەکرەجۆییەکان مام هەژاریان بە شاعر نە ئەزانی و هەرکە باسی شێعر و شاعری بهتبا گۆڕێ ئەوە یەکسەر هێمن یان بەرز ئەکردەوە ئەڵبەت لە دژی هەژار . میدیای بەکرەجۆ هەژاری بە شایەری دەرباری بارزانی ئەناساند . ئێشتاش سەلاح شێعری گۆران لە سەردەمی کۆتایی ژیانیا هەر بەو گەز و ربە ئەپێوێ بەوەی کە باسی شێعرە " سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ژیانی " گۆران ئەکات بەو واتایە کە جەنایان لەگەڵ بۆچوونی سیاسی و حزبایەتی گۆرانا تەبا نین ، ئەمەش ستالینیزمە لە بواری هونەرا . سەلاح ، کامیلیشی وەگەردی بووت ، ئەشێ زۆر باش بزانن کە گۆران لە هەموو تەمەنی دا وەک خۆی ئێژێ بە باوەڕی سیاسی دێمۆکرات بووە . سی چەپ بوونەکەشی ؛ گۆران هۆگرییێکی تایبەتی ئەڕای فقێ تەیران دیری . لە هۆنراوەی " فقێ تەیران " بەوە دەس پێ ئەکات کە ئێژی " ئەو گرانەی سارد نابنەوە " . ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە گۆران خۆی بەو گرە ئەزانێ کە فقێ تەیران هەڵی گرساندبێ . ناوەرۆکی هونراوەکەش هەموو دژی دەرەبەگ و دەرەبەگایەتی یە و بە مەش گۆران ئەومان وەپێ ئوشت کو ماک و ناوەرۆکی بیری چینایەتی دژە دەرەبەگایەتی لە فقێ تەیرانەوە وەرگرتووە نەوەک لە کمۆنیزم .

" بەس بگری و خەم بخۆ، ئەی فقێ تەیران    هەژاران رۆژێ دێ هەڵسنە سەر پێ "

( دەقی هۆنراوەکە لە بەشی دوایی ببینن )

## کورد هەڵەی نەکردگە و هەڵەیچ ناکات ژی

لایەنێک دن ژ چەواشەکاری ناشارەزایانە و دەس پیسانەی سەلاح و کامیل ، چەواشەکردنەوەی ماکی پەیامەکەی گۆرانە لەو هۆنراوەدا ( بت – بتەوان ) . هەر وەک چۆن گۆران لە هۆنراوەی " چیرۆکێکی برایەتی " دا دووپاتی ئەکاتەوە ، پەیامەکە روونە . پەیام ، پەیامی ئاشتی و برایەتی کورد و عەرەبە لە لایەن یەکێک لە هەرە ناودارانی کوردەوە ، گۆران. گۆران ژ ئالییێ کوردان را ئەڤ پەیام ژ عەرەبان را دەشێنێ . ئەم پەیامە پەیامی هەرە کۆن و مێژووی کوردە و زۆر پێشتر لە عەرەب ئاراستەی هەموو دەسدرێژیکاران و هێرش کارانی سەر نیشتمانەکەی کردوە . ماکی ئەم پەیامە وا لە ناخی راستەقینەی فەرهەنگی کۆن و کەونائارای کوردا . هەر ئەم پەیامەش هۆڤانەکانی مەغوولی ، بۆ نموونە ، دەستەمۆ کرد و سەلاح دەبا لە هەموو کەسەک فرەتەرتەر ئاگای لەم راستیە بووبا . پێم وانیە کە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی دا و ئێستاشی وەگەرد بووت ، کەسێک ێن شەهرەزا و خودان وێژدان پەیدا ببێت کو دژایەتی ولۆ پەیامەک بکاتن .

کاردانەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ، ئێستاشی لەگەڵ دا بێت ، جە هەمبەر داگیرکاری نیشتمانەکەی دوو لایەنی هەبووە، یەکەم بەرگری و شەڕی خۆ پاراستن و دووهەمێچ پەیامی برایەتی و ئاشتی گەلان و نەتەوەکان لۆ پێکەوە ژیان بە ئاشتی. کورد هەتا ئێستاش و تەنانەت لە شەڕی نیشتمانیی هەنووکەدا ژی ، ئەوە کاردانەوەی گشتیەتی . جا ئەگەر لایەنی

بەرانبەری کورد وەکی کورد نەجووڵاوەتەوە و ئانکو نها ژی ناجووڵێتەوە ، ئەوە هیچ لە ماکی جوان و مرۆڤانەی پەیامی مێژوویی کورد کەم ناکاتەوە وەک نەی کردوەتەوە .

یەک لە تایبەتمەندی گۆران وەکی کەسایەتێکی هەڵ کەوتەی کورد ئەوسە کە ئەو مێرخاسەی کورد زۆر بە قووڵی و بە باشی لە گەوهەر و جەوهەری فەرهەنگی کورد بە گشتی تێ گەیشتبوو و لێی شارەزا بوو . بێجگە لە وشە و پێڤ و دەستەواژەی کوردی و بێژە و ویژی سەرزاری کوردان ، گۆران لەوپەڕی وەستاکاری و لێزانی و چازانیەوە ، ئاکار و تایبەتمەندی فەرهەنگی و مێژوویی کوردی وەک دەسمایەی داهێنان و ئافراندن بەکار هێناوە . لەوانەیە هیچ لایەنێک ئانکو سووچێک لە بەرهەمەکانی گۆرانامان گیر نەکەوەێ کە ڕەنگدانەوەی قوویل و بەجێی فەرهەنگی و مێژووی کوردی بە زەقی پێوە دیار نەبێ . گۆران تەنیا ئەوە نەبوو کە مرۆڤێکی کورد بێت بەڵکو فەرهەنگی کورد بوو کە لە هەموو بواریک دا خوەش خوەش بە زمانی کوردەکەو مواچا . کۆشکی وشەی گۆران کوردانە بوو و نەک هەر بە زمان و پەیڤ و وشە بەلکی بە گیان و هەست و دەررونیشەوە . فەڕ و بەهرەی گۆران ئەو فەرهەنگەی ژ بۆ ئاستێکی بەرزترهەڵدا و دەوڵەمەندتری کرد لۆ سەردەمی خۆی نۆژەنی کردەوە وەک ئەوەی دواتر حەسەن زیرەک و موجەتەبای میرزادە لە بواری گۆرانی و موزیکی کوردی کردیان ، ئەڕای نموونە و مینا .

دکارین بووشین کە پەیامی برایەتیەکەی گۆران پێش ئەوەی کمۆنیستی بێت ، فرە فرەتر پەیامی کوردیە بە گیان و هەست و خوستی فەرهەنگی کوردانەوە . یەک لەو ئاریشانەی کە خەڵکێک وەک سەلاح و کامیل و نەخاسما جیلی تازە پێگەیشتووی شاران ، سەرچەور و سەر ڕووتی شاران ، هەسیان ، ئەوەسە کە هەتا ئێستاش بە باشی لە ماک و ناوەرۆکی فەرهەنگی کەون ئارای خەڵک و نەتەوەکەی خۆیان تێ نەگەیشتوون وەک پێویستە . باو ، گوش دەینە خانای قوبادی و بزانین ئی مرۆڤ پایەبەرز کورد وە چ شیویەک تواشای کورد و خەڵک ناکورد کردگەسەی . خانا ئووشت "

| | |
|---|---|
| پەی چێش ؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکیش | مەحزوزون هەر کەس بە زوبان وێش |
| مەعلوومەن هەر کەس بە هەر زوبانێ | بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ |
| وینەی عەرووسان زیبای موشک چێن | بکەرۆش جە حوسن عێبارەت شیرین |

وەگەرد خانا ئی یاسا هەس کە هەرکەس بە هەر زوبانێ جە هەر مەکانێ چوونە یەکن جە بواری داهێنانی وێژەیی . ئەمەیچ توانین بووشین کە یەک لە تایبەتمەندی فەرهەنگی کوردیە وە زمان یەکێک لە گاوەرکانی خۆی . وەرن بگەڕین بە ناو سامانی نەتەوەیی و فەرهەنگی کوردا با لۆمان ساخ بێتەوە کە ڕیزگرتن لە خەڵک تر و یەکسان بینینی ئەوان وەگەرد کورد خۆی و پەیامی برایەتی ، بەشێکی دانەبڕاو لە سامانی فەرهەنگی نەتەوەکەمانە .

ئەوەی کە گۆران ئەم پەیامە کوردیە بە عەرەبان و کوردیش ئەگەێنێ ، خۆی لە خۆی دا هیچ کێشە و گرفتێکی نیەس . بە پێچەوانەی تێبینیەکانی کامیل ژیر و ئەو بیرۆکە کمۆنیسیانەی ئاماژە وە پی ئەکاتن ، کورد لە پەیامەکەی گۆرانا شەریکی یەکسانی عێراقە نەوەک کەمینە و لە ڕیزی دووهەم و خوارتر . وادیارە کامیل تەنانەت پەیامەکەی گۆرانیشی وەک خۆی وەرنەگرتوە و کۆمەڵێک بۆچوونی کمۆنیستانە لۆ سەلاح ئەهێرێتەوە کە فریان بە سەر گۆران و پەیامەکەی ئەوەوە نیە .

گرفتەکە دوو لایەنی هەیە . یەکەمیان ئەویە کە باسکرا کە ناشارەزایی خۆمانە لە گەوهەر و ناورۆکی فەرهەنگەکەمان ، دەههەمیچ کە لە ڕاساتیدا لە گرفتی یەکەمەوە سەرچاوە ئەگری و سەر هەڵ ئەدات ، ئەوەسە کە فەرهەنگی ڕەسەن و کەڤن ئارایی کورد کاری وەبانەوە نەکراوە و تۆمار نەبووە . کورد هەتا ئێستاش خاوەنی سەرچاوەیەکی تۆمارکراوی فەرهەنگی خۆی نیە تاوەکو ببێتە سەرچاوە و پێخۆری جێگەی بڕوا و کارای پەروەردە کردن و بارهێنانی تاکی کورد لە سەر ڕێچکە و ڕەچەڵەک و بنەمای کوردی خۆی . ئەم کورت هێنانەی کورد لەم سەردەمەدا زۆر بەگران لە سەری ئەکەوێ. ئەوەتا پەیامی کوردانەی گۆران بە کمۆنیستی لێک ئەدرێتەوە لە کاتێکد وەک ئاماژە وەپی هاتە کرن ، پەیامێکی کوردیە لە پێش هەموو شتێکەی دیکەوە . باو بلا بە هەمان گیانی بەرزی خانای گاوەرە ، هەر کەس بەهەر زوبانێ جە هەر مەکانێ، باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، زانستی و وێژەیی لە ڕوانگەی کوردەوە لۆ جیلی دابڕاو لە فەرهەنگی کورد بکەین .

ئەڕای نموونە فلانە پەیڤ و فیسارە کردار و ئاکاری و بۆچوونی هەژار ، جگەر خوێن ، خانا ، خانی ، مەلای جەزیری ، حاجی قادر ، مەولەوی ، بێسارانی و هتد ، بارێکی زانستی کۆمەڵناسی ، سیاسی ، دەروون ناسی ، فیرکاری ، میژوویی هەس ، ئەجا بزانین چلۆن تێتە وەرگرتن . هەژار و دەروون ناسی ، هەژار و فەرهەنگی ڤیدا ، خانا و گۆران و بێکەس و برایەتی گەلان ، جگەرخوێن و ماتریالیزمی مێژوویی ، خانی و فەلسەفە و ماتریالیزمی دیالکتیکی ؛ هەر تەقەی سەرشیان لێوە نە ئەهات وەی لەوەی لێی تێبگەن !! ئیزم و میزم نەیرن ، کوردی یە و فرە کۆنن !!

ئائەم دۆخە دابڕاو و بێ ناسنامە و پێناسەی ڕۆشنیری کوردی یە کە گۆران ئەخاتە بەر هێرش و بوار بە کابرایەکی وەکی سەلاح و کامیل ژیر ئەدات کە کەری ( مەرکەبوسولەحا ) خۆیانی تێدا تاو بدەن بە کلکە تیزانەوە و شتی تریش . پەیامی برایەتی گۆران ، پەیامی کورد بوو و ئێشتاس کورد خاوەنی ئەو پەیامەیە . گۆران و کورد ڕاست بوون و ڕاستن لە خودی دەرکەتن ژ ڤێ پەیامێ . هەڵە ، کە هەس ئی وان کەسانە کو نکارن ئانکو نیەتوان و ناخازن لێی تێبگەن و هەر وسا ژی خۆئەدزنەوە لە ماکی ڕاستەقینەی ولو پەیامێک بە هەر هۆ ومەبەستێکەوە . بڕواننە سەلاح و کامیل ، لە گەڕەلاوژەی سەلاح و کامیل دا ، سەلاح گوران مینا کای کۆن بەبا ئەدا لۆ باسی ژیانی سیاسی ئیمڕۆی کوردان جە باشوور . کامیلیش هاوهاویەتی و لە سەر هەمان فیت بە گۆرانی سالانی پێش و پاش ١٩٥٨ ەوە تێ هەڵ ئەکوتی دۆخی ٢٠١٥ ی پێ تاوتوو ئەفەرمێ . وەکی بێژی کە مێژووی کورد چەقی بەستوە و هێژ ژ بەستەڵەکی مێژووی خۆی ڕزگاری نەبووە .

## کمۆنیزم مرد ، کوردە گاوانی تۆ خوەش ! دیاری بۆ گۆران !

دژ بەو بۆچوونە کاسپکارانە و چەواشەکارانەی سەلاح کە باسی لێوە کرا ، ئێمە دەستە واژەیەکمان لە گۆرانەوە بە بارمتە وەرگرتوە و ئەوەی ئەو کاتی خۆی و لە کاتی تیاچوونی هیتلەر و نازیەکانا ئەیگوت " هیتلەر مرد ، کوردە گاوانی تۆ خۆش " ، بە گیانی ئەو کەڵە شاعرە مەزنەی کورد ، گۆڕیوە بە " کمۆنیزم مرد ، کوردە گاوانی تۆ خۆش " . دوور لە گەمەی ماشینی کات ، ئەمە گیانی ڕاستەقینەی گۆرانە لەم سەردەمەدا ، ئەمەگە بۆ گۆران ، وانەیە لە گۆرانەوە ، خودی دەرکەتنە ژ گۆران ، گۆرانە لە لوتکەی کۆمەڵگای کوردەواری ، گیانی کات و زەمانە ، بە هەر دوودەست و بەو پەڕی ڕێزەوە ، پێشکەشی گۆران ئەکرێ .

کێ هەیە کە نکوولی لەوە بکات کە کورد ژمارەیەکی زۆری خاوەن بەهرە و توانای گاورەی وەک گۆرانی لێ بزر کرا لە سەردەمانێکدا کە کمۆنیزم لە هەرەتی هەڵدان و بازارگەرمی دا بوو و بە گوێرەی پلان و پیلانی کمۆنیستانە ئەو بابەتە مرۆڤانەیان ڕاو ئەکران و ڕایان ئەکێشایە ناو بازنەی بەرژەوەندی خۆیان . لۆ ئەم مەبەستە ، دام و دەزگایەکی پان و بەرین لە بەشی ڕۆژهەلات ناسیی کمۆنیستی مسکۆ دا سازکرابوو و ملی دە ملی ڕۆژهەلات ناسیی ڕۆژئاوا نابوو و بۆری دابوو . مام هەژار ، جگەرخوێن ، قانع و زۆریکی دیکە لەو پەتایە بێ بەری نەبوون . ئێستا ئێمە بەپەتای کمۆنیستی ئەزانین لێ لەکاتی خۆی دا شانازی بوو و جۆر و بابەتە نرخێکی بەرز و بالای لۆیان دەستەبەر ئەکرد و خوشمان بێ ، تاڵ بێ ، قۆناخێکی ژیانی سیاسی کورد بووگە و نکوولی لێ ناکرێ . مام هەژار بە ڕاشکاوی وازی لێ هێنا و پەیڤی " مردووت مرێ ئەوە هێشتا هەر لە سەر کەری ماویی "م بیستوە کە گوایە مام هەژار بە یەکێک لەو ناسراوانەی خۆی گوتبێ کە وازی نەهێنابوو و چیڕ بوو لە سەر باوەڕە کمۆنیستیەکەی کە لە هەژار خۆیەوە فێری ببوو .

ئەگەر بە وردی ورد ببینەوە لە بەرهەمەکانی گۆران و هەژار و جگەرخوێن ، ئەوە ئاشکرا ئەبێتن کو ئەوان میرخاسێن کورد لە گەرمەی بانگ دان لۆ کمونیزم و لنین و ستالینی پێشەوا !! ، مەبەستی سەرکیان کورد و ڕزگاری کوردستان بووە و هیچی دیکە . ئەگەریش هۆگریکیان لۆ بیرۆکەی کمۆنیستی و چەپایەتی هەبووە گۆر باوی ڕۆژ ، ئەوا کمۆنیست و چەپی کورد و کوردانە بووگن و ئەو بیرۆکەیان وەک ئامرازێک پەی مەبەستە سەرەکیەکەیان ، کورد و ڕزگاری کورەدستان ، دکار هێناوە . ئەم بابەتە چەپایەتی یە ئیتر ئەو چەپ و کمۆنیستانە نین کە گاڵتەیان بە دۆزی نەتەوەیی کورد ئەکرد و

داوای مەعاریفی قلێاسانیان ئەکرد . خەڵکینە ! خواهەڵ ناگری ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە کمۆنیست و چەپی کورد چ ڕێچکەیەکی خوێناوی و تژی کارەساتیان بڕی تاوەکو لە ئاکامدا بگەنە ئەو ڕاستیەی کە گەر چەپن و لە سەر ڕێبازی چەپایەتی ئەمەشن با چەپ و کمۆنیستی کورد بن ، با هەژار و جگەرخوێن و گۆران بن . بەزمی کمۆنیستانی مائۆیی بەکرەجۆ و ودواتر بەزمی مەلا بەختیار و ئاڵای شۆڕش لە باشوور و کارەساتی حزبی کمۆنیستی کریکاری عەجەمان لە ڕۆژهەلأت ، پ ک ک و دۆخی ئیمرۆی باکوور و ڕۆژئاڤا ، بەشێکی بەرچاوی کارەساتی سیاسی و کۆمەلأیەتی کورد لە چەن دە ساڵی ڕابردووە و هێژ ژی بەر بە چاوە و هەوێنی ئاریشە و گیروگرفتی فرەس تەنانەت لە دۆخی شەڕی نیشتمانیی ئێستای کوردستان .

دیاردەی بەرباس تەنیا تایبەت بە کوردیش نەبوو بەلکوو دیاردەیەکی جیهانی بوو و تێکڕای نەتەوە و گەلانی بن دەستی جیهان تووشی بووبوون و هێشتاش ئاسەواری هەر ماوە و نەبڕاوەتەوە . هەرە ناودارەکانی عەرەب و عەجەم و تورک جە هاوکەشەنی خۆمانا زۆر خراپتر لە کورد پێوە ببوون . باس کردن لە گۆران و هەموو گۆرانەکانی دیکە ئەبی بابەتیانە و لە سەر بنەمای تایبەتمەندی مێژوویی بێتە ئاراوە . سەلاح و کامیل لەم شێوازە بەدوورن و هەر یەکەیان لۆ مەبەستی تایبەتی و کەسایەتی خۆیان پەلاماری گۆران ئەدەن و کەسایەتیەکەی نزم ئەکەنەوە بۆ ئەو ئاستەی سەلاح ئاماژەی پێ ئەکات . لە کاتێکدا ناکرێ گۆران لەو هەمووە خەڵکە و هەر وەها کۆنە کمۆنیستانەی ئێستا کە بایان داوەتەوە بۆ لای بەرژەوەندی نەتەوەیی ، ئی دە کورد و ئی دە ناکورد ، جیا بکرێتەوە و پێمان وابێ ، وەک سەلاح و کامیل بەتەمانە ، گۆران مرۆڤێکی دەق گرتوو و چەق بەستوو بە بیرۆکەی مردارەوە بووی کمۆنیستی و نا کمۆنیستی و چەپانە ، لە سەر هەمان فیت و فیاتی کۆن ئەمەشی . هەڵپەی سەلاح و کامیل لە مەڕ گۆران دەری ئاخاتن ، یەکەم ، کو ئەوانیان لە گۆران تێ نەگەیشتوون و نەیان ناسیوە ، دووهەمیچ لە مە خراپتر ، ئەی ناسن و بازرگانێکی دەڵە بازرگانانەی پێوە ئەکەن . گیان و پلە و پایەی گۆران ئەوەندە بەرز و مرۆڤانەیە کە قەت ، هەرگیزا وهەرگیز ، تانە و تەشەری سەلاحی پێوە نالکێ .

ئەو بازرگانیە سووکەی کە سەلاح بە گۆرانیەوە ئەکات شیاوی ناو و ناوبانگ و دەور و کار و کردە و بەرهەمی ووێژەیی و سیاسی و فەرهەنگی و هزری گۆران نیە . ئەوەی کە گۆرانی تووشی ئەو دۆخە نەخوازراوە ، لە ڕوانگەی ئێمەی دۆخی ئێستا ، کرد ، بابەتێکی مێژوویی قووڵ و گرانی مێژووی مرۆڤایەتی یە ، بە ئێمەی کوردیشەوە . ئێستا پاش هەرەس هێنانی کمۆنیزم و بێ بایەخ بوونی بیرۆکەکەی ، هاسانە کە لە کمۆنیزم بدەین و بەرپەرچی بدەینەوە . لێ لەو سەردەمەی گۆران، ئەو بیرۆکە گەرمەی بازاڕی بوو و بە تەنیا سەرچاوەی ڕزگاری مرۆڤ لە چنگ نەهامەتیەکانی ئەناسرا . ئەم دیاردەیە لە کوردستانیش دا تەشەنەی سەند و یەکەم ئاسەواری ئەو ، سەربڕینی کۆمەڵەی ژ ک و سازکردنی حزبی دێمۆکرات بوو و پاشان لادانی ڕەوتی بزاڤی نەتەوەیی لە سەر ڕێچکا ڕەسەن و ێن مێژوویی خوە و دابەزینی خواستی نەتەوەیی کورد لە سەربەخۆیی یەوە بۆ ئۆتۆنۆمی و خودمۆختاری . ئەوە تەنیا گۆران نەبوو کە خۆی وەک عێراقیەک ئەناساند و ئەو عێراقی بوونەشی بە برایەتی کورد و عەرەبەوە ئەبێنی بەڵکو تەنانەت بزاڤی نەتەوەیی کورد بە گشتی لە سەر ئاستی گشت کوردستانا ، بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ کەوتبوە ئەو دۆخە کو ئیرۆ ئەم مینا هەڵدێر و لادان ئەی بینین . هەر ئەم دۆخە نالەبارە بوو کە بوە هۆی ئەوە کە شۆڕشی باشوور لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی گەورەدا لە ئاستی شۆڕشێکی ڕەسەنی کوردستانیانە بە واتا کوردستانیەکەی ، دابەزیە سەر ئاستی شۆڕشی کوردستانی عێراق و لە ناو بازنەی باشووردا قەتیس ما و بە کارەساتی ناوخۆیی وهەرەسی شۆڕش بۆ کورد شکایەوە .

ئەوە تەنیا گۆران نەبوو کە خۆی وەک عێرقی ئەناساند بەڵکو بەزمەکە گشت گیربوو و ئاکامی دۆخێکی تایبەتی مێژوویی بوو . هەر ئەمەش وای لە قاسملوو کرد کە لەمەش تێپەڕێ و بە ڕاشکاوی بێژی کە بوار بەکەس نادات کە خۆی لەو بە ئێرانی تر بزانێ . ئی بەزمە نها ژی بەردەوامە . ژ باکوور ڕەسیەسە ئەوە کە پ ک ک وازی لە کورد و کوردێنی هێناوە و وەکی هێزەکا سەرتاسەری تورک ئەمەشێ و ڕۆژئاڤاشی لەو بەزمەوە گلاندوە . ڕۆژ هەلأت ژی هێژ ژ خەوەبەردینەی کمۆنیستی نەڕسکاوە . کامیل و بە تایبەت سەلاح زۆرچاک لەم بەزمە ئاگادارن و ئیتر ئەوەی کە گۆزە و دێزە و دەرخۆنەی کورت هێنانی کورد لە بوارێکی دیاریکراوی مێژووەکەی دا بە سەر گۆرانا ئەشکێنن ، جێگە باسە و پرسیار زۆر هەڵ ئەگرێ . ئەگەر وەها ئاکارێک و وەها دەرکەوتەیەک ، بەرهەمی سەلاح وەک ڕخنەگرێکی سەوداسەری ئەدەب بێت ، جێگەی

خۆیەتی بۆی بگەڕیندرێتەوە . کامیل ژیریچ بلا بچێت و تۆزکاڵێک لە مێژوو و کۆمەڵگای کوردەواری و جیهانی تێ بگات و خۆی وەپی تەیار بکاتن ئەجا باسی گۆران بکاتن .

بەلەبەر چاو گرتنی ئەم مێژووە لە ئاستی جیهانی بە گشتی و کوردستانی بەتایبەتی و باشووری کوردستان بەتایبەت تریش ، ئیتر ئەبێ ئەوە لە کورد و هەمووو لایەک ڕوون بێتەوە کە بازرگانی جانبازانەی سەلاح و کامیل بە مێژینەی و ڕابردووی گۆرانەوە ، فرمانێکی سووک و چرووکە . " من گەلی عێراقم "و " باکو بووکی قژ زەرد " ( کە لاسایی کردنەوەیەکی نازم حیکمەت بوو لە لایەن گۆرانەوە ) ڕەنگدانەوەی دۆخی زاڵ بوونی کمۆنیزم بە سەر گیان و بیر و هزری کۆمەڵگای مرۆڤایەتین کە سەلاح و کامیل ژیر ، یان ئەوەتا کێشی تێگەیشتنیان لەودیاردەیە نیە ، ئانکو لە دیواری گۆران نزم تریان نەبینیوە کە بازی بە سەردا بدەن بۆ سەر خوانی خۆپەرەستان و خۆ بە گەوهەر و گەوهەریی زان و سوارکارانی " مەرکەبوسولەحا ( کەر ) و دۆن کیشۆت ئاسایی کاوڕە کەڕێڵ و دێو و درنجی خەیاڵاوی ناو کاولەئاش و کەلاوە و ماڵە ڕووخاوەکان ڕاوبکەن . ( هەر لە کۆنەوە ئەوانەی دڵ و جەربزەی سوار بوونی ئەسپیان نەبوو و بەرزی ئەسپ و تیژیەکەی لۆیان زۆر بوو ، سواری کەری بەستەزمان ئەبوون و خۆشیان پێوە هەڵ ئەدا و وەپی ئەگوتن مەرکەبوسولەحا واتە پیاو چاکان بە کەری ئەچوون و بە کەری ئەهاتنە ناو باژێر و باژێرۆکان ، بە تایبەت لە ناو مەلایان دا باو بوو و ئەوەی کە گوایە عیسای کوڕی مەریم بە سواری کەرەوە چووە ناوشاری ئورشلیمەوە بە نموونەیان ئەهێنایەوە) .

## هۆزان و هۆنراوەی جوان و ئازا و شتی دۆڕاو و ناشیرین

پێناسە کردن و دیاری کردنی واتایەکی تەواو لۆ هۆزان و هۆنراوە فرمانێکی ئەستەمە و گەڵی جاران ژی تەنانەت هۆزانڤانانی دیاریش داماون لە بەرانبەری دا . یەک لە تایبەتمەندی خۆڕسکی مرۆڤ و هەروەها گشت گیان لەبەرێک بە گژ و گیاشەوە، ئەوەیە کە کاردنەوەیەکی خۆڕسک و ئانکو سروشتی و یان گۆر خووی فیربووەوە جە هەمبەر دیاردەکانی دەوروبەریا هەیە . گەر لەمەوە بۆی بچین ، هۆنراوە و بەستەی هۆزانڤانیش ئەکری وەک کاردانەوەی مرۆڤانە و پێش ئەمەش ، گیان لەبەرانەی مرۆڤی هۆزابێژ جە هەمبەر جیهانی دەروبەریەوە لێک بدرێتەوە . بەهرەی هونەری ، ئەم کاردانەوە ئەخاتە چوارچێوە و تەشکێک کە بارێکی جوان و هەست بزوێن ئەداتە ئەو کاردانەوە ، بەوەی کە ئەی بەستێتەوە بە و ئەیباتەوە بۆ کۆمەڵێک زانیاری زانراو و نەزانراوی خۆی و مرۆڤایەتی بە گشتی و هەست و خوستی خەوتوو ئانکو ڕسکاو و بە خەبەری دەروونی و گیانی خۆی و مرۆڤی دەوروبەر و جێگە باسی وەک بیسەر و خوێنەری تایبەتی خۆی .

شارەزایی و زانیارێکی ئەتۆمان لە جیهانی دەروونی ئاژەل و گیان لەبەرانی دیکە نیە . بە تەواوەتی نازانین کە ئەوان هاوهاوی ژیانمان ، جیا لە کاردانەوەی خۆڕسکی ، خوێندنەوەی جوانی و شیرینی و ناشیرنی یان لۆ دیاردەکانی دەوروبەریان هەس یان نا . ئەم ئاکرە تا ئێستا بە هی مرۆڤ زانراوە و هەر بۆیە ئەکرێ بووشین کو ئەم ئاکارە تایبەتمەندەی مرۆڤ ، ئێمە لە ئاژڵ جیا ئەکاتەوە . ئاکارەکەش گشت گیرە لە مرۆڤ دا و تەنیا ماڵی بژاردەکان نیە . هەموو مرۆڤێک لە دەروونی خۆیا شاعیرە و ئەگەر شێعری بۆ نایە و فێری نەبووە ، ئەوە چێژ لە شێعر و پەیڤی ڕازاوە وەر ئەگری و وەپێ تێتە کوڵ لە زۆر بارەوە وەک ئەڤین و خۆسەویستی و شەڕ و پێکدادان بە تاک و کۆمەڵ و داستانی نەتەوەیی و قارەمان و باش پەهلەوانان .

گۆران نموونەی هەرە زەقی هەڵدانی مرۆڤە بۆ ئاستی بەرزی هۆزانڤانی بە گشتی . گۆران ، وەگەرد کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی، گەشتێک ئەکا بە دەڤەری قەرەداخ و هەورامانا و ئەوەی هەمموو کەسێک ئەیبینێ ، باس ئەکات بەو بەهرە و هۆنەریەوە کە جیای ئەکاتەوە لە هەمموومان . لە زیندانا ، باسی جیهانێک ئەگێڕێتەوە کە خەڵکێکی زۆر بینیویانە و بۆیان نەچوەتە چوارچیوەی هەڵبەستان . دار ، بەرد ، ئاو ، شاخ ، کانی ، تیشک و تریفە . جوانی ، گەندە موو ، لێوی ئاڵ ، گژی کاڵ ،

بێکەس ، فقێ تەیران ، دەورێش عەبدۆڵا و شمشال ، گۆرانی و موزیک . بەتێکڕا هەموو جیهانی بوون ، لە ڕوانگەی گۆرانەوە ئیتر دەستەواژە و پەیڤی ڕووت و بێ گیان نین . هەریەکە بەستراوەتەوە بە زۆر شتی دیکەوە ڕاستەوخو ئانکو ناڕاساتەو خۆ . گۆرانی هۆزانڤان بەم ئاکار و تایبەتمەندیە دەگمەنەی خۆیەوە لە بان مرۆڤی ئاسایی ئیمە ئاسایە . لەل ئەمەیچ دا گۆران مینا تاکێکی کۆمەڵگای کوردەواری هێما و بەڵگەیە لۆ بەرزی و زیندوو بوون و بڕشت و فەڕ و کارامەیی فەرهەنگی کورد کە لە ولو دۆخێکی ژێردەستەیی دا ، گۆران و هەموو گۆرانەکانی دی بەرهەم هێناگە .

بلا بزانین گۆران لە ڤی ئاستدا و بە ڤێ ئاکار را ، چلۆ دەوری گێڕاوە جە ناو کۆمەلگەها کوردەواری . بەرهەمی هونەری هۆنەرانەی گۆران گشت خڕ  ئازا و جوانن ، دە خزمەتی ئارمانجا وی کوردێنی بووگە . هەر تشەتەک کو گوتویە ، هەر سترانەک کو ستریە و چڕیە ، هەر بەستە و هۆزانەک کو هۆنیە ، دەق هی خۆیەتی و دەق ڕاست و پاک و خاوێن و ئازایانە ، بە جوانکاری و ڕازانەوەی تایبەتی گۆرانانەی خۆی ، پەی مەبەستی خۆی و گەل و نیشتمانەکەی ، کورد و کوردستان ، ئافراندوە . هەر ئەم ڕاستیەشە کە گۆرانی کردە فێرگەی کوردایەتی سەردەم و بەرز پەی جیلی دوای خۆی وەک مەمانان . گۆران لە نەخۆشخانەی مۆسکۆ و لە جەژنی یەکی ئەیارا ، جوولە و ڕەنگی ئال و سەوز و پەنجەرەی ژووری نەخۆشخانە ئەیبزوێنێ و سواری مەلی خەیال ئەبێ و ئەگەڕێتەوە بۆ ناوماڵەباوانی گەل و نیشتمانەکەی و لە سەرەمەگا هێژ لە دەم و زمان نەکەوتووە و خەون و خەیاڵ و خولیای ئازادی و بەختەوەری خزم و هۆزی هێژ زیندوو، وەک هومووکاتێک ، نا نا ، لە هەموو کاتێک پتر و فرەتەرتەرە . خزمیەنە ، گەلی دەبرادەرینە ، خانم یەل و سالارە ژن یەل، گۆران ، گۆرانی دە خۆن ، کورد و کوردێکی پەتی و بێ خەوش .

تایبەتمەندێکی جوان و لەوانەیە بێژین دەگمەن ها وەناو فەرهەنگی کوردی . هونەر و هونەرمەندی هەتا ئەم دوایانە نەبووبووە کەسپ و کاسپی خۆ بەخێو کردن . هونەر با کوردان بە پاکژی هاتبوە پاراستن . ئەگێڕنەوە کە گوایە سوڵتانی عوسمانی ناو و دەنگی ئەحمەدی خانی گوێ بیست ئەبێ و داوای لێ ئەکا بچیتە لای پەی ناوبانگ و خەلات وەرگرتن . خانی ، کوردانە پاڵ بەو سووکایەتیەوە ئەنێ و خۆی و کورد و هۆنەری کورد لەو پۆخڵی و نزمی ئەپارێزێ . ئەم ئاکارە کوردانە ئەو چتەس کو وێژە و بێژەی کورد لە خەڵکانی دەروبەرمان جیا ئەکاتەوە . هەر جارەی کە لۆ مەبەستی بەراوەردکاری بە ناچاری ئەچمە سەر شیرین و فەرهادی نیزامی ، خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی بە دەستەوە ، پیشەکیە نزم و مەرایی کەرەکەی نیزامی لۆ پاشا خویرپلەیەکی نائێرانی و داگیرکەری وڵاتەکەی ، گۆران واتاش ، مەزاجی مرۆڤانەم ، جا وەی لە کوردنەکەم ، تێک ئەدات . فیردەوسی کە عەجەم شانازی هەموو جیهانی پێەوە ئەکەن ، شانامەکەی کردە خەلاتی دەعبایەکی هۆڤان و دژە ئێرانی وەک مەحمووی غەزنەوی و خوا ئەیزانێ چ مەرایەکیشی لۆ کردبێ ، کوردەکەو ماچۆ ، عانەیەکێشی دەس نەکەوت . کێ بەرکێ و ململانێی شاعیری عەجەم لە سەر مەرایی کردن و هەڵدان بە سەروگوێلاکی پاشا تڕحیو و بوودەڵەکانی بوو . کورد و وێژە و بێژەی کورد لەوەدا بەختەوەر و سەربەرزە کە تووشی ئەو پەتایە نەبووە . هۆنەر و هونەری دۆڕاو و ناشیرین وەگەرد ئیمە کوردیەل باو نەبووە و بەشکەم قەت و هەگیزا و هەرگیز باو نەووت ژی .

جە ئەم ڕوانگەوە ، گۆران گۆرانی خۆنە و پارێزەری بە ئەمەگ و دەست و دڵ و دەروون پاک و جێگەی دڵنیای تەواوی داب و نەریتی خانی و خانا و گشت گاورە گاورەکانمانە . گۆرانیچ مینا خانی و خانا و حاجی سیاسەتی کردگە ، وێڕای فرمانی هۆنەری و جە ڕێگای هونەرە هەرە بەرزەکەیەوە ، پەی خزمەت بە خەڵکی خۆی نەک هیچی دیکە . کوردەکەو ماچۆ ، تا خوای وای نەکردبوو لێمان و سەرئێشەی سەرمایەداری و ژیانی تازەبابەتی سەردەمیانە لە خشتەی نەبردبووین ، کۆمەڵگاکەمان ، وارگەی هۆنەر و جوانی و جوانی پەرەستی بوو و بە بەستە و گۆرانی جوان و شیرین و لە بەردڵان و ڕازاوە تەیار بوو . بە دەگمەن کونجێک ، پەنایەک ، گوندێک ، هەوارێک ، شوێنێک ئەبینرا کە هونەری سروشتی و خۆرسک و پەروەدە کراو نەی گرتبێتەوە . ئەچوویتە هەر گوند و هەوارێک ، ڕووبەڕووی گۆرانی و دەنگ خۆشێک ، گفت شیرینێک ، گاڵتەکارێک ( کۆمیدی) ، حەیران بێژێک ، کەلام خوێنێک ، لاوک بێژێک ، چیرۆک زان و چیرۆک بێژێک ، سوڕنا ژەنێک ، شمشال ژەنێک ، دەهۆڵ کوتێک ، دەف ژەنێک ئەبوویتەوە . مانگا دۆشین و مەشکە ژەندن ، دروێنە و گیادوورین ، قوڕ شێلان ، کاری هەرەوەز ، خەرمان هەڵ گرتن ، شمشالی شوان لۆ مەڕ و بزنان ، لایەلایەی منالً و لاوانەوە ، چەمەرە و

کۆتەڵ ، شایی و شێوەن هەموو تێکرا بەستە و هەوای خۆی هەیە لە ناو ئەم خەڵکە کۆنەدا . شوانمان هاوتەریبە وەگەرد شمشاڵ و گۆرانی ، دەشتەوان و شاخەوان ، کاروانچی ، دارەوان ، شێخ و سوفی و دەورێش ، نزاکار هەموو تێکەڵن وەگەرد هونەر و بەستە و جوانی . هونەر و سۆز و هەستی هونەری هێند قوویڵ و کۆنە جە کۆمەڵگای کوردەواری کە تەنانەت ئاژەڵە هاوژینەکانمان وەک مەڕ و بزن و مانگا چێژی لێ وەرئەگرن و لەم ئاکارەدا هاوهاومانن .

هونەر دیاردەیەکی گشت گێری کۆمەڵایەتی ئی دە کۆمەڵانی خەڵک بوو . هێندەک جاران خوتە و بۆلەیەک لە هۆنەرمەندانەوە ئەبیسرێ کە بە نارەوا ئێژن کە گوایە هۆنەر لای کورد و کوردستانیان نرخ و برەوی نیە . ئەمەش تاوانێکی تەواو نارەوایە. ئەوە لەوانەیە ڕاست بێت کە هۆنە وەک پێشە هێشتا لە ناو کوردا باو نەبووە و کورد زۆر بە دەم ئەم بابەتە هۆنەرەوە ناچن و هێشتا لە سەر شۆپی کۆن و هونەری گشتی و خەڵکی ئەڕۆن . ئەوانەی بۆلەیانە و بەدەس ئەم گوێ نەدانەی کۆردەوە ئەناڵینن ، ئەبێ لە سروشتی هونەر لە کوردستانا بە تەواوەتی تێ نەگەیشتبێتن . هۆنەر و هونەر و هونەرمەندی ڕاستەقینەی کورد ، بەرهەمەکانیان خەڵاتی خەڵکی خۆیان کردوە و پێی نەژیاون . مە هەمیا ژی ڕند ئەزانین کە هەتا ئێستاش هونەری پیشەیی نەیتوانیە و نیەتوانت خۆی لە قەرەی بەرهەمە کۆنەکانی هونەرمەندە نا پیشەیی یەکان بدات و پێم وانیە کەس لاری لێ بێت .

گۆران ، ئا ئەرێ ، خزمینە ، گۆران . گۆرانی ڕۆڵە و بەچکەی ڕەسەنی ئەم " دایکی کوردستانە " و ئەم کۆمەڵگای کوردەواریە ، بەم ئاکار و تایبەتمەندیە ، سەرگوڵ و شاگوڵی ئی دە خۆنە ، لووتکەیە ، بەرزە ، جوانە ، لەبەر دڵانە ، ئازیزە، خۆشەویستە ، گاورەیە ، زانایە ، گفت جوان و شیرینە ، منم ، تۆی ، هەمووومانە لە ترۆپکی چیای سەربەرزی و شانازی و داهێنان و ئافراندن ، لە یەک وشەدا : گۆرانە . هێز ، پێز ، چێژ ، جوانی ، ئەڤین ، قەشەنگی ، زراویی ، ناسکی ، خوێن شیرینی و ڕەزا سووکی ، برێن خزێنە ، دەبرو مرم ئەنگو برێن ، هەموو گۆرانن و لە وی دا کۆن ، سەرتای ژیانی ئانکۆ کۆتایی ژیان ، نە گۆران لێیان دابڕا و نە ئەوان ژی جە گۆران دابڕان و لفی هەتا هەتایی بوون و پێکڤەن . بۆڵە و خوتە ، ڕخنە ، ڕخنەی ئەدەبی ئەتوو ، پیر و پیاو چاکان هاوار ، پەنامان ، بیراز ، بیرازی گۆران ، نا نا ، بە سەری کاکی ئەنگۆ لۆتان نیە ، ئەوە بەشی ڕۆڵە و کۆرپەی ئەم خاک و خەڵکەیە ، جارنا پەڵپ و گڕی ساوایانە لە گاورەکانیان بگرن و داوای پفە ، تەتە ، نۆنۆ بکەن و بە بزە و چاوی گەش ، چەچەی داوایان بە چی چیەوە بەرز بکەنەوە .

## واتاێیکی نوێ ژ گەل و نەتەوە ڕا !

سەلاح لۆ دەوڵەمند کردنی باسەکەی پەنای بردوەتە بەر ڕفێق سابیر و ئێژی کە " دوکتۆر ڕەفیق سابیری فەلسەفەو کۆمەڵناس چاکی بۆچوە کەدەڵێ : لەعیراقدا یەک گەلی عەرەب نییە. دو گەل هەیە، گەلی عەرەبی شیعەو گەلی عەرەبی سونە" . جا وەرە کوردی هەش وەسەر قوران وەسەر خۆدا بکە لۆ ئەو دوکتورە فەلسەفە و کۆمەڵناسەی سەلاح وەپیمان ئەفرۆتێ . ئانکو ئەشی دوکتورەکەی سەلاح هەر زۆر لە پێش هەموو جیهانەوە بێت و گرێ پووچکەی گەل و نەتەوەی لۆیان کردبێتەوە و سەلاح بە هەردوودەست دەمل و ئەستۆی خۆی دەدا و لۆی پشت ڕاست ئەکاتەوە . لە عیراقی دوکتور ڕفێق سابیر و سەلاحا ، ئایینزای شێعە و سوننە گەل پێک ئەهێنێ و لێکیان هەڵ ئەبڕێ و یەک گەلی یەکگرتووی هەتا دوێنێ ، ئەکاتە دوو . سەلاحیش لەم خاڵەوە دەس پێ ئەکات و ئەیگەیێنێتە ئەو سووکایەتیە بێ بنەمایە بە گۆران ، لاقێکم شێعە و لاقێکم سوننە و ئەی بەستیت بە دەمی گۆرانەوە .

لۆ ئەوانەی کە تەنیا ڕووکاری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ئەبینن ، ئانکو ئەوانەی بە فەرهەنگی دیواخانی قوڵەئاغایی ڕاهاتون ، ئاسانە و زۆریش خۆیان بەوەو هیلاک ناکەن کە بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی تەنگەژە و ئاریشە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکان ساخ بکەنەوە . ئەم بابەتە بۆچوونە ڕووکاریەیە کە گەلی عەرەبی شێعە و گەلی عەرەبی سوونەی لێ شین ئەبێت . لەوانەیە کە هەر هەمان دوکتور سابیر ، سبەینێ دەستەواژی کوردی شێعە و سوننە و ئێزیدی و شەبەک و

کاکەیی و زازاشمان لۆ دابهێنێ کە زۆرێک لە هاوهاوە کمۆنیستەکانی دوێنێ و ئیمڕۆی خوازیارین . لەم بۆچوونە دانسقەی سابیر و سەلاحا ئیتر هەموو هۆکاری ئابووری و فەرهەنگی و خاک و زمان و مێژوو و داب و نەریت کوێر ئەبنەوە و لە یەک هۆکاری ئایین دا کۆ ئەکرێنەوە . ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵ ئەگرێ لۆ کابرایەکی کۆنە کمونیست وەکی سابیر . بێ لەمەش ، کوا سابیر مشووری کورد ئەخوات . ئەو شێعر بۆ کۆبانێ ئێژێ و تەنانەت بە یەک تاقە وشەش چیە ئاماژە بە کورد و گەوهەری کوردی کۆبانێ ناکات ( وەک لە سروودیکا گوێ بیستی بووم کە لە کەرکوک ساز کرابوو ) . سابیر پێشتر لە دیمانەیەکیدا ئەوەندە چوو کە دەسەڵاتداری عەرەبی بەغدا لە هی کوردستان پێ باشتر بوو و بەغدای بە دەس پاکتر و ڕاست و دروست تر ئەزانی لە چاو کوردستان . ئیمەش لە بابەتێکدا بە ناوی " دەمڕاس و سەماکەری عرووبە " ، (http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&q=201411222314478015) لە سەرمان نووسی .

ماکی کێشەی خەڵکی وەک سابیر و سەلاح و هاوهاوەکانیان وەک هەباسی وەلی ئەوسە کە ئەم خەڵکانە بە نازناوی بیرمەند و پرۆفسۆر و کۆمەڵناس و فەلسەفە و ڕخنەگری ئەدەب وچێ و چی تر ، هێندێک بابەت و تز و تزەلۆک دەرئەدەن و خەڵک چەواشە ئەکەنەوە و ماک و بوونی نەتەوەیی کورد و هێما سیاسی و کۆمەلایەتی و مێژوویی یەکانی پەڵەدار ئەکەن وەک ئەوەی لێگرە لە مەر گۆران باسمان لێوە کرد . ئەمەیچ لە دیاردەی پاشاخوڕی داگیرکراویی کوردستانەوە ئەکەوێتەوە . هەر ئەم ئاریشە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەی کوردستانە کە بوار ئەدات بە کابرایێکی وەک سەلاح موهتەدی بەو پێشینە و پاشەڵ پیسی یەی خۆی باسی ئەکات ، هێرشێکی نەشیاو و بێ بنەما بکاتە سەر هێمایەک وەک گۆران و کابرایەکی وەک کامیل ژیر بۆی بسێنێتەوە . مەترسی ئەم جوورە کردارانە لە دۆخی شەڕی نیشتمانی هەنووکەیی کوردستان فرەس و لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی ئەشکێتەوە بەوەی کە ئەگەر گۆرانی لووتکەی وێژە و بێژەی کورد دابەزێنرێتە ئەو ئاستەی سەلاح و کامیل دەمەتەقەی لە سەر ئەکەن ، ئیدی تشتەک چە کوردڕا ئەمێنێتەوە کو خۆی پێ هەڵ دەنە ئاستی گەل و نەتەوەکانی سەردەم ؟

## گۆران بەس نیە ، هەموو کورد خڕ ئەشکێنن

"کورد قازانجی کردوە کە ئەمجارەیان کەواسوری بەرلەشکرنییە" . ئەمەش شەکرشکاندنێکی دیکەی سەلاحە کە بە کامیلی ئەفرۆشێ . هەڵسەنگاندنی کورد بەم شێوە و بەم شێوازە ئەچێتە خانەی پاشاخوڕانی داگیرکراویی کوردستان و زمان و فەرهەنگە بە بیرۆکەی داگیرکەران فرچک دراوەکەیانەوە . بزاڤی نەتەوەیی کورد مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە و بە لانی کەمەوە مێژووی سەد ساڵەی دوایی تاڕادەیەک لامان ڕوونە . بلا بڕوانینە مێژووی زانراوی ئەم دواییانەی کورد و بزانین لە چ قۆناخ و لە چ دۆخێکدا کورد بووەتە کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەر . نە سەلاح و نە هیچ کەسێکی دیکە وەکی وی نەکارێ ئەومان لە شلوێ بکات کو هەر لە شۆڕشی شێخ عوبەیدولای نەهری هەتا شێخ سەعیدی پیران ( کال) و خۆیی بوون و شۆڕشی ئاگری و و ڕاپەڕینی سەید ڕەزا لە دێرسیم و شێخ مەحموود و سمکۆ و کۆماری مهاباد و شۆڕشی بارزانی ، کورد قەت نەبووتە کەواسووری بەر لەشکری داگیر کەر . ئەوە لای خەڵکی شارەزا و لێزان و بەدەربەس خویایە کو ئەو بەشەی کورد ، بچووک یان گەورە ، کە لە خەڵکی خۆیان مینا دوژمنانی داگیرکراویی کوردستان دابڕاون و داویانەتە پاڵ دوژمنانی داگیرکەری کوردستان و لەم دواییانە وەک دیاردەی جاش ناسراون ، نوێنەری خەڵک و نەتەوەی کورد و بزاڤە نەتەوەیی یەکەی نەبوون و نین . شۆڕشی کورد لە هەموو کاتێکدا و لە لایەن دۆست و دوژمنەوە بە سەرکردایەتیەکەیەوە ناسراوە و ئەو سەرکردایەتیەشە کە ئێژین کورد قەت نەبووتە کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەر. جا ئەگەر سەلاح و کامیل لەوە تێ ناگەن و بە هەر مەبەستێک و بە هەر هۆێکەوە ، هەوڵی ئەوە ئەدەن کە ئاکاری جاشایەتی ژمارەیەک لە کوردان ببڕن بە سەر تێکڕای کوردا ، بە تایبەت بەشی شۆڕشگیر و ڕاپەڕیوەکەی ، ئەوە ئیتر ئاستی لێزانی و تێگەشتنی خۆیان دەرئەخەن . کامیل ژیر لە شوێنێکی دیکەدا باسی شۆڕشە دۆڕاوەکانی کورد ئەکات و لێگرەیچ ئاماژە بە " ڕەنجە بێوەرەکانی شێخ مەحمود " . ئەم بابەتە هەڵسەنگاندنە ئەوە ئەگەێنێ کە ئەم بابەتە خەڵکە " بیرمەندە " مێژوو

نابینن و پێیان وانیە کە مێژوو و ڕەوتی گەشەکردنی هەر دیاردەیەک بە بزاڤی نەتەوەیی کوردیشەوە ، دیاردەکان بەرەو ئاقارێکی دیاریکراو ئەبات . لێک گرێداویی و نەپسانەوەی ڕەوتی مێژوو بە گشتی باسێک نیە کە گەنگەشەی لە سەر بکرێ.

لەم دوایانەدا هێندێک ئاکاری ناشیرین و دزێو لە باشووری کوردستان سەری هەڵدا و لە پێوەندی شەڕی ناوخۆیی و ڕکەبەری دوو لایەنی پارتی و یەکیەتی ، کە مایەی شەرم وشوورەیی یە لۆ هەر دوو لایەن . دوو بەرەکی و ڕکەبەری و رقەبەری ئەو دوو لایەنە مێژوویکی ناسراو و زانراوی قووڵ و خوێناوی هەس . پریشکی ئەم دیارەدە دزێوە ، ڕۆژهەلات و باکووریشی تا ڕادەیەک گرتەوە ، هاوتەریب وەگەرد تەشەنە کردنی شەڕی ناوخۆیی باشوور بۆ ئەو دوو بەشەی دیکەی نیشتمانی کورد . هێندێک جار یەک لەو دوو لایەنە زۆر بە خەستی داویەتە پاڵ هێزێکی داگیرکەری کوردستان لۆ یەک لا کردنەوەی شەڕی نێوانیان . چەوتی و ناکوردانە بوونی ولو کردەیەک پێویستی بە لە سەر ڕۆیشتن نیە و مایەی شەرم و شوورەی یە لۆ کورد و مێژووی کورد و کوردستانیش لە سەریان تۆمار ئەکات وەک کردوویە . ئەم بابەتە تەڤ بوون وەگەرد لەشکری داگیرکەر ، وەکی ئاماژە پێ هاتە کرن پەی یەک لا کردنەوەی شەڕی ناوخۆیی بووگە و ناچێتە ناو ئەو بابەتی کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەر چوونکە ئارمانجی ئەو کردە دزێوە بۆ داگیرکردن و بە دەستەوەدانی نیشتمانی کورد نەبووە ، سەرەرای هەموو بارێکی دزێوی . جا ئەگەر کابرایێکی مینا سەلاح و کامیل بە تەمانە ڕووی ڕاستی ئەو دیاردەیە چەواشە بکەن ئەوە ئەی سەلمێنێ کە ئەوان لە ماکی دیاردەکە تێ نەگەیشتوون و لۆ مەبەستی تایبەتی چەواشەی ئەکەنەوە و کوردەکەو ماچۆ خۆڵ ئەکەنە چاوی خەڵک و لە خشتەیان ئەبەن . بوونە مەقاشی دەستی دەزگای سیخوڕی " ساواک و ئەمن و موخابرات " چ وەک تاکە کەس و چ وەک کۆمەڵ و ڕێکخراو ، لەوانەیە وەک کەواسوور ئانکو کۆڵوانەسووری بەر لەشکری داگیرکەر بێتە نرخاندن . هێنانە ئارای وسا بابەتێک لە پێوەندی وەگەرد گۆران و هۆنراوەکانی و بەتایبەت هۆنراوەی بت – بتەوان کە " من گەلم ، گەلی عێراقم " ی تێدایە ، ڕووخاندنی گیانی نەتەوەیی کورد و سەروەری نەتەوەیی کورد و ئەپەڕی بێ ڕێزی بە مێرخاس و عەگیدی کوردان ، گۆرانە و هیچ ناهێڵێتەوە لە نزم بوونەوە و چەواشەکاری مێژوویی . لۆ ئەوانەی گۆران وەک خۆی ڕاستەوخۆ لە خۆیەوە ئانکو ڕاستەوخۆ لە زمان و پەیڤی خۆیەوە ئەناسن ، ئائەم شێوە باس کردنە لە گۆران ، ئەو مرۆڤە بەرز و تاقانە و دەگمەنەی کورد ، ئازارە ، دەردە ، ئێشە ، نارەوایە، بوودەڵەیی یە ، سووکایەتی یە ، نزمی یە ، ڕووداماڵاویی یە ، نارەسەنایەتی یە ، سپڵەیی یە ، جەفەنگە ، سەبارەت بە گۆرانی کورد و کوردی گۆران .

بە ڕاستی جێگەی سەر سوورمانە کە ئەم " بیرمەندە نەتەوەیی یە " ، کامیل ژیر ، شۆڕشەکانی پێشووی کورد بە دۆڕاو ئەزانی و باسی " ڕەنجە بێوەرکانی شێخ مەحموود ئەکات " . ژیلەمۆی شۆڕشی سمکۆ ، ڕاپەڕینی دەڤەری شکاکان لە شەڕی جیهانی دووهەم و دواتریش کۆمەڵەی ژک و کۆماری مهابادی لێ شین بوو . شۆڕشی بارزانی گەورە لە باشوور لە سەر بنەما و ژیلەمۆی شۆڕشی شێخ مەحموود و دواتر بزاڤی کوردێنی شێخانی بارزان هەڵی دا . باسەکە هێند خویا و ئاشکرایە کە لەوانەیە فێرکاری فێرگەکانیش بە سانایی لێی تێ بگەن . ئەڤە دیروکە ئەزبەنی و دیرۆک و مێژوو ژی هەمیشە زیندووە و سەر ڕێچکا خوە ئەمەشێ . بە بێ ئەو مێژووە و ئەو مێژینە ، بوون و هەر وسا ژی مانەوەی کورد فرمانێکی نەشیاو و نەگونجاوە . شۆڕش و بزاڤی نەتەوەیی کورد قەت نەی دۆڕاندوە بەڵکو شکاوە و شکانەکەشی ئەزڤڕیە سەر بارودۆخ و هەل و مەرجی تایبەتی و هاوسەنگی و بارتەقای هیزی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازی و گەلێ هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی و ئاستی گەشەی مێژووی و کۆمەلایەتی جڤاکا کوردستان .

وسا تێتە خویا کرن کو هێرشی نارەوا بۆ سەر گۆران تێرا سەلاح و کامیل ژیر ناکات . سەلاح بەوە دڵ خوشمان ئەکات کە " کورد ئەمجارەیان کەواسوری بەرلەشکرنییە " ، بەو واتایە کە کۆن و جارانی پێشووتر کەوا سووری بەر لەشکر بووگین . پرسیارێک کە لەم پێوەندی دا تێتە گۆڕی ئەوەسە کە ئەگەر سەلاح و کامیل کورد ، هەتا دوێنێ بە کەوا سووری بەر لەشکری داگیر ئەزانن ، ئیتر ئەو هەراو بەزمە و خڕە و چڕە کەوەیان لە سەر گۆران لە چیە . گۆرانیش مینا کوردەک یەک لە ئەندامی کۆمەڵگای کوردەواری بووە و ئەویچ ، گۆر و جوور بۆچوون و نرخاندنی سەلاح لە مەر مێژووی کوردەوە، ئەشێ کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەر بووبێت وەک هەموو کوردێک . سەلاح و کامیل ، ئەگەر تاکە یەک تۆزکاڵ هەست و سۆزی مرۆڤانەیان هەبا ژ ئافرێنەرانی فەهەنگی مرۆڤایەتی ڕا ، بە کوردیشەوە ، دابا واز لە گۆران بینن و هەر

بەوەندە بەسیان بکردبا کە بووشن کوردیەل گشت کەواسوور بەر لەشکر داگیرکەر بووگن کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گۆرانیچ و بێکەسیچ و خانا و خانی و حاجی و مەولەوی و نالی و مەحوی و بێسارانی و گشت ناودارانی سیاسی و سەرکردایەتی کورد و ئەوەی هەسمان و نیەسمان ئەگرێتەوە . شکان نە دۆڕانە ، شکان هەڵگری پەیامی شۆڕشە کو وەکی ژێلەمۆ لە ناخی خۆیا هەڵی ئەگری و ئەی پپاریزی و پەیامی شۆڕشە شکاوەکە بە زیندووی ڕائەگرێ ، کورد بەم دیاردەیە ڕاهاتووە ، مێژووی کورد نامۆ نیە بەم دیاردەیە . ئەمەش دۆڕان نیە بە مسۆگەریەوە .

دژ بەم پەتای پاشاخوری داگیرکراویی یە ، ئەڵبەت سەلاح تەنانەت لەدەرەوەشیەتی ، ئیرۆ کورد نەخاسما کوردێن باشوور، زێد و وارگەها گۆران ، جهێ خۆ ناوبەرا جیهانێ پێشکەتی سەردەم بە خورتی گرتیە و نە بە تەنێ گۆر پەیڤێن مە کوردان بەلکی ئی دە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردەواری ژی ، کورد و کوردستان گەلەک بەرز و هێژا تێتە نرخاندن . ئەمەیچ بەرهەمی ڕەوتی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری یە لە مێژووە پڕ لە کارەسات و تژی دەرد و ئازارەکەی . کورد بە وان دوژمنێن ئا قرێژ و چەوپەڵ نەهاتیە تونێ کرن و سڤک کرن . کوردەکەو ماچۆ ، خوا یار بۆ ، ئەو ڕۆژ ژی نە پڕ دووره کو کوردیەل برەسنە ئاوات و خواستی دێرینەیان . جەو ڕۆژەدا تم جیهان ڕا ئوشین ، باو بروانن دیوجامەی ڕەنگینی بەهشت و یادگار و بنەڕن داکو بزانبن و ببینن چاوا فرمێسک و هونەر بە هەڤڕا شاکار ئەخوڵقێنن پەی مرۆڤایەتی.

## قوڵەئاغا و هۆزان و هۆنەر

هەر فرە جە کۆنەوە کورد و خاوەن هزری کوردی ێن ڕەسەن بەوە ڕاهاتوون و بووگەسە نەریتێکی کوردانە کە مێرخاس و عەگیدین کورد نەخاسما سواری گلاوی مەیدانی شەر و ململانێی پارێزگاری و بەرخوەدان ، بەرز بنرخێنن و بە شێوەیەکی هۆنەری و هۆنەرمەندانە بیلاوێننەوە . چەمەرە و کۆتەڵ و لاوانەوە مێژوویکی فرە دوور و درێژی هەس و نازانرایێ کە لە کەنگێوە کورد ئەم نەریتەی داهێناوە . برێکی باش لە حەیران و لاوک و بەیتی کوردی و کەلام و مەقام و دەنگبێژی دەنگبێژان سەر ڤێ مژارێ ڕا خەریک بووگن . ئەفسانە و داستانی دەروێشێ شێخێ عەڤدۆ ، گەنج خەلیل ، شێخ مەحموود و سمکۆ وێنەن ئەڕای ئەم نەریتە بەرزەی کورد . ئەمەش شێوەیەکە لە داهێنان کە کورد فرە لە کۆنەوە دکاری هێناوە لۆ تۆمار کردنی مێژووەکەی وەک مێژووی سەرزار ( Oral History) . دوور نیە کە ئەم نەریتەی کورد هەڵ بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی هەرە کۆنی ڤیدا لە هێندووستان و کورد پاراستبێتی .

جەعفەری شەفیعی یەکێک لە پێشمەرگە ناسراوەکانی کوردستان لە ڕووداوێکی گوماناوی و دڵ تەزین دا لە سەر ڕێی بەغدا گیانی لە دەست دا کە خەسارێکی بەرچاو بوو پەی کوردیەل . پاشان بینیمان کە شێرکۆ بێکەس ، بە گوێرەی ئەو نەریتەی کورد کە باسمان کرد ، هۆنراوەی " دە لالۆ ، دە لالۆ هەستەوە " ی بۆ هۆنیەوە و دواتریش ناسری ڕەزازی بە گۆرانی و مەقام خوێندی . هەتا سەلاحی موهتەدی ، خۆی ئاسایی و قوڵەئاغایانە خۆی تێ هەڵ نەقورتاند ، بەرهەمەکە چ وەک هۆنراوە و چ وەک موزیک بابەتێکی جوان و لە بەردلان بوو و خەڵکێکی زۆر چێژی لێ وەر ئەگرت و بە شیاوی جەعفەر ئەزانرا .

شێرکۆ بێکەس کە پاش تێکچوونی گفتوگۆی یەکیەتی لەگەڵ میری ( شۆڕش و میری ، وەک مام جەلال لە سەری نووسی) هاتەدەرەوە بۆ ناو پێشمەرگە و کەژ و چیا ، گەڕێکی شێعر خوێندنەوەی لە دۆڵی جافایەتی دەس پێکرد . هەلێکی جوان بوو بۆ ئەوەی شێرکۆ چ وەک جوامیری هۆزانڤان و چ وەک پێشمەرگە و چ وەک کوڕی بێکەسی نەمر لە نزیکەوە ببینین و لێی بڵێین و تەمووره بدەین و بپیشکنین بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لە باوکی ، لە خۆی ، لە کورد بە گشتی لەومان چاوەڕوانمان ئەکرد . شێرکۆ لەو دەمەدا زۆرێک لە تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی ، چەعفەری شەفیعی یەک لەوانە ، لە مالوومە و گەڕەدێ لە نزیکەوە ناسی وەک خۆی باسی ئەکرد و گەلێکیش پێی خەنی و شاد بوو . کۆڕی شێعری بۆیان گێڕا و

هۆنراوەی نوێی بۆیان هۆنیەوە . دە لالۆی شێرکۆش وا لێک درایەوە کە ئەبێ ناسراوی نزیک وەگەرد جەعفەر هەستی شێرکۆی بزواندبێ . ناسریش وەک ئەمەگ و پێزانینی هاوڕێیەتی زوو و پێشمەرگایەتی ، بە شێوەی خۆی و هۆنەرەی گۆرانی بێژیی یەکەی ڕێزی لە جەعفەر گرتبێ .

سەلاح لە دیمانەیەکدا دیسان خۆی پێ نەگیرا و دەماری قوڵەئاغایی پێ زەوت نەکرا و ژاری خۆی ڕشت و بە تیرێک سێ نیشانی پێکا . سەلاح بە خۆ هاڵکێشانەوە گوتی کە ئەو داوای لە شێرکۆ کردوە ئەو شێعرە بهۆنێتەوە و داوای لە ناسریش کردووە کە بە " دەنگی زەلاڵی " خۆی بیخوێنێ . لەوانە بوو کە ئەگەر تۆزێک بواری فرەتر بە سەلاح بدرابا ئانکو خۆی سووسەی بەرژەوەندی و خۆهەڵ کێشانی تێیدا بدیبیا ، جەنابیان ئەوەشیی بگوتبا کە چۆنیەتی هۆنراوەکە و پیڤ و دەستە واژەکانیشی لۆ شێرکۆ دەس نیشان کردوە و دەزگای موزیک و جۆری خوێندن و تەنانەت ئامرازی موزیکەکە و جۆری ژەندنیانیشی دیاری کردوە . هەر ئەوەندی مابوو کە بێژێ " بە سەر و ژێری بابم ، خەلاتیشم کردن بە خەلاتی ئاغایانە و جل و بەرگی خۆم داونێ و جەمە گۆشت و برنجێکی چەورم دانێ و سەرو جووت پێڵاوی خۆم و بابە گەورەم خەلات کردن " . پەکوو لەو قولەئاغایە ، تیاح !

ئەمە ڕووی ڕاستی ئەو سەلاحەیە کە گۆران بیراز ئەکات و لێگرەش ئاستی کەسایەتی شێرکۆ بێکەس نزم ئەکاتەوە بۆ شایەرێکی دیواخانی ئیلخانی و ناسریش ئاکات بە قام بێژی ئەو دیواخانە و ڕێزی جەعفەر ئەشکێنێ بەوەی کە ئەو ڕێزەی لێی گیراوە بەو جۆرە بووە و لە لایەن سەلاحەوە ڕێکخراوە نەک کاردانەوەی سروشتی و کوردانەی خاوەن بەهرە و هۆنەر و هونەرمەندانی کوردستان وەک شێرکۆ بێکەس و ناسری ڕەزازی .

هیوادارین کە ئەم باسە نەبێتە هۆی دڵ نگەرانی وناخۆشی بنەماڵە و کەس و کاری شێرکۆ بێکەس و ناسر و هۆگرانیان . هەروەها بە هیواین کە بەتایبەتی دڵی خانمە پێشمەرگە و ئازیزەکەی کوردستان ، دادە مەلەکەی مستەفا سوڵتانی ، خوشکی پەنج برای شەهیدی سەربەرز و خێزانی جەعفەری شەفیعی ، لێمان گران نەبێت . ڕیز و پێگە و شوێنی ئەو مرۆڤە ئازیز و خۆبەخت کەرانە زۆر لەوە فرەتر و بانترە کە سەلاح بازرگانی پێوە بکات و ئەم باسەی ئێمەش لۆ دەرخستنی ئەم ڕاستیەیە .

## ئاریشەیەک پڕ د کوور، کوور

(( ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری و دیاردەی شارنشینی لە کوردستانا بە هەل ومەرجی داگیرکراویی و بەتایبەتی لە ژێر سیاسەتی نوێی توانەوەی قەوارە و پەیکەری نەتەوەیی کورد ، درێژەی هەبوو و کاری کردە سەر سەرخان وژێرخانی کۆمەڵگای کوردەواری . چین و توێژە کۆمەلایەتی یە نوێ کان پتر خەملێن هەم لە ڕوانگەی ژمارەوە و هەم لە ڕوانگەی پلە و جێگە وریگەی کۆمەلایەتی یەوە . ئەم چین و توێژە نوێیەش دیارە کە بیر و هزری تایبەتی خۆی هەبوو کە وەک ئاماژەی پێکرا ، دابڕاو لە ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگای کوردەواری چەکەرەی و گەشەی کرد . باڵکێش ئەڤە کو ئەو هێزە پێناسەی نەتەوەیی یەکەی هێگجار کز و بێ ڕەنگ بوو – گەر وای دانێن کە هەر هەی بووە لە بنەڕەتدا – و خۆی لە دەرەوەی بازنەی دۆزی کوردا ئەبینیەوە . لە سەر بنەمای ئاوەها چەندایەتی و چۆنایەتیێک ، ئەم هێزە تازەبابەتە ، دەوری سیاسی خۆی بە گرێدراویی و پاشکۆیی لەگەل هێزە سیاسی یەکانی نەتەوەی سەردەست و داگیرکەری کوردستانا گێڕا . لە ڕاستی دا ئەبینرێ کە دەوری ئەم هێزە لە ڕووداوە گرینگ و مێژوویی یەکانا لە بەرژەوەندی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەیدا نەبووە و هەر زۆر بە سانایی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان و هزر وئایدیۆلۆژی یە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە دەسخرۆ کراون و لۆ بەربەرەکانێی کورد و کوردستان بەکار هێنراون . لە ڕۆژهەلات ئەزموونی کۆمەڵەی ژ ک و سازکردنی حزبی دێمۆکرات و درێژەی ئەو ئەزموونە هەتا نووکە ژی بە تێرو تەسەلی بەدەستەوەیە و سەرباری دەردە مێژوویی یەکەی و پەتای بەکرەجۆ و کمۆنیستی چینی ، ئەوەتا پەتاکەی باکووریشی هاتوەتە سەر لەم دوایانەدا . لە باشوور ئەم ئەزموونە گەیشتە ئاستی کارەساتی بەکرەجۆ و شەڕی ناوخۆیی دوور ودرێژ و خوێناوی و ماڵ وێرانکەر ئەرای کوردیەل . لە باکووری تاساوی ژێر چەپۆکی ڕەشی کەمالیزم ، دیسان ئەم ئەزموونە بە کارەسات بە سەرکوردا

شکایەوە و دوا ئاستیشی ئەوەیە کە پ ک ک ای هەڵقوڵاوی ئەو دۆخە ، ئێستا وازی لە دۆزی کورد هێناوە بە تەواوەتی و کورد بە شیاوی ئەوە نازانن کە خاوەنی سەروەری نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بێت و هەر ڕۆژەش بیرۆکەیێکی دانسقە و سەیر و سەمەری بۆ دائەتاشن . پەتای باکوور لە ژێر کاریگەری و دەس تێوەردانی ڕاستەوخۆی بەعسی سووری و سیاسەتی عارەباندنی کورد و کوردستان ، ڕۆژئاواشی تەنیەوە و دایگرت و ئاکامەکەشی کزی دۆزی کورد و سەرلێ شیواویی و گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک لە ڕۆژئاوا و ئاڵۆزی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنووکەیی ڤێدەرە و ئەمەش سەرەڕای ئەو ڕاستی یەیە کە ڕۆژئاوا بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ مەکۆی کوردایەتی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی گشت کورستان لە ئاستێکی هەرە بەرز و باش دا بوو .

ئەو هۆکارە کاریگەرە کە ئاوەها ئاریشە و کێشەی مێژوویی قوول ژ کورد ڕا پێک ئانی یە ، نەبوونی ئامراز و کەرەستەی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی جیلی نوێی کورد لە لایەن کوردەوە بۆ خۆیەتی . کورد ژ دەما تێاچوونی ئەمارەتە نیمچە دەسەڵاتدارییەکانیەوە پێڕا ، کوردەکەو ماچۆ وەک پەزی بێ شوانی لێ هات . هەر دەڤەر ئو ئالی یەک بن دەسەڵات و فەرهەنگ و چاند وداب و نەریتی باوی هۆز و خێلایەتی و هەر دەو چوارچیوەدا بواری خۆ پاراستنی چوونە کورد ، ئەڕایان مایەوە . ئەم تایبەتمەندیەش هۆکاری ئەو فرە ڕەنگی و فرە ئاقاریی و فرە چەشنی شێوە ژیان و چاندی کوردی یە کە ئیرۆ ژی تێتە بینین . ئەمەش خاڵێکی سرنج ڕاکێشە کە بیرمەندی کورد و شرۆڤەکاری مێژوویی ئەشێ پەی ناسین و ناساندنی دەوری ئەمارەتە کوردیەکان لە سەری کار بکەن . ئەو بارودۆخەش درێژەی هەبوو هەتا سەردەمی نوێ و سەرهەڵدانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی و ساز کردنی دیاردەی دەوڵەت – نەتەوەی دەسنیای ئیمپریالیستی و دەسپێکی توانەوەی کورد لە ناو نەتەوە سەردەستەکاندا . لێرە بە دواوە بەرەبەرە ئەو هۆکارە خۆجێی و خێڵەکیانەش کەوتنە بەر شالاوی توند و بە مەبەست گەلاڵە کراوی داگیر کەرانی وەک ڕەزا قولی و مستەفا کەماڵ . سەرمایەداری لە کوردستانا ئا لەم هەل و مەرجە و لە ژێر مامانی زڕدایکی مەبەست گلاوی داگیرکەرانی کوردستانا بە سەقەتی و خوار و خێچی لە دایک بوو . بەرهەمی مرۆڤیی و کۆمەڵایەتی سرمایەداری بە سک وما سەقەتی کوردستانیش بە خڕی لەبەردەستی دوژمنانی داگیرکەردا بوون ، جا ئیتر ئەبێ چاوەڕانی چی لێ بکرێ لۆ کوردان . )) ؛ ئەم دوو برگەیە هەڵسەنگاندنێکی پێشووی ئێمەیە کە لە بابەتێک بەناوی : " چەند خاڵ لە مێژووی تێکشکانی ڕەوتی کوردایەتی لە ڕۆژهەلات " بلاومان کردەوە .

تایبەتمەنێکی دیاری بزاڤی کوردی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا جێگەی ڕامانە . شۆڕشی شێخ مەحموود ، یەکەم شۆڕسی کورد بوو کە ڕووبەڕووی دیاردەی جیلی تازە پێگەیشتوو و تازە سەرهەڵداوی کۆمەڵگای کوردەواری بوەوە . ئەوە بەباشی زانراوە کە بۆلشوێکەکانی سلێمانی دەگەڵ شێخ دا نەبوون و تەنانەت شاعر و ڕووناکبیری واش هەبوو کە گاڵتە جەفەنگی بە بنەماڵە و خێزانی شێخ ئەکرد . لەناو هەموویانە تەنیا تاقە کەسێک کە دای پاڵ شێخ ، ڕەفیق حیلمی یە و بەس .

هەر لەم پێکیەش شۆڕشی سمکۆ تەنیا عەبدولڕەزاق بەدرخانی هەبوو کە کاروباری ڕۆژانەی ڕۆشەنبیری و سەردەمیانەی هەڵ ئەسووڕاند . ئیدی ئاسەوارێک لە بەشداری بەربڵاوی میرزا و خوێندەوارانی شاری لە کارا نەبوو . شۆڕشی شیخ سەعید و خۆیی بوون لە باکوور لە دۆخێلکی گەلەک باشترا بوو . کۆمەڵێک خوێندەوار و ڕووناک بیری کورد مینا بەدرخانی یەل وەگەردی بوون و هێژ ئەو دابڕانە کۆمەڵایەتی یەی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری فرە زەق و کاریگەر نەبوو لەورە . هەر ئەم تایبەتمەندیەی باکوور هەتا شۆڕشی ئاگری درێژەی هەبوو . جە شۆڕشا دێرسیم ژی ئاسەوارێک لە دابڕانی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاو ناکەوێ و سەید ڕەزۆ جە هەمبەر مستەفا کەمالا تاک و تەریک نەکەوتبوەوە . ئەم تایبەتمەندیەی باکوور گوێزرایەوە بۆ ڕۆژئاڤا پشتی شکستی یەک لە دوای یەکی بزاڤی کوردێێ ژ باکوور .

ڕاپەڕینی دەڤەرا شکاکان لە سەروبەندی کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم ، مۆرکی شۆڕشەکەی سمکۆی پێوە دیار بوو و بە دوور لە دیاردەی شارنشینی و میرزا و خوێندەوارەکانی و تێکەڵی کەسانی وەکی هەژار ئەمەشی . کۆمەڵی ژ ک ژی لە سەر هەمان ڕێچکا هیوا و لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی هیوا ، میرحاج ، دامەزرا لۆ چەند ساڵیک ژی کورد خوەش خوەش ئەمەشی .

یەکەم دابڕان و دەسپێکی قەیران و ئاریشەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کوور ، کووری کۆمەڵگای کورد بە زەقی لە مهابادەوە دەستی پێکرد و سەربڕینی کۆمەڵەی ژ ک هێمای ئەو دەسپێکەیە . میرزا و قولەئاغای شاری لە سەر فیتی داگیرکەران و دەرەکی عرووسان و کمۆنیستان نەک هەر خۆیان لە ڕەوتی مێژوویی کورد دابڕان بەڵکو لە دژی ئەو و لە سەر پەیکەری سەربڕاوی ژ ک ساخ بوونەوە و بزاڤی کوردیان لە گرێجەنە برد و بەرەو هەڵدێریان برد . لێگرە بە دواوە ئیتر ئەوان و ئاکاری ناکوردانەیان بوونە دەمڕاسی بزووتنەوەی کورد و هەر بەمەش نەوەستان بەڵکو کەوتنە دژبەری ڕەوتە ڕەسەنەکەی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد . لێگرە بە دواوە ئیتر ئەوە ئەم بەشە شاریی یەیە کە کورد وەک نەتەوەیەکی کەون ئارا و وەک دەرکەوتەیەکی مێژوویی نابێنێ بەڵکو مینا بەشەک لە وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان هەڵس و کەوتی وەگەرد ئەکاتن . ئەم دیاردەیە پاش شەڕی جیهانی دووهەم بوو بە پەتای ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری کورد . لە پاش شکانی کۆماری مهاباد هەتا دەسپێکی شۆڕشی بارزانی گەورە لە باشوور ، ئەم پەتایە کاری خۆی کرد بەوەی کە لەم ماوەیەدا بزاڤی کوردیێ وەستا و چ ئاسەوارێکی ئەوتۆی نەما . لە وەها دۆخێکدا گۆران و هەژار و جگەرخوێن و زۆربەی کەسایەتی یە ناودار و هەڵکەوتەکانی کورد نەخاسما ئی دە شاران بەرەوە بیری کمۆنیستی و چەپ دا ڕاکێشران و کەوتنە ناو ئەو بەزمە .

دیاردەکە ، دیارە پاش گۆرانیش ، هەر درێژەی هەبوو و ململانێی ئەو دوو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە لە کوردستانا گەیشتە بەزمی بەکرەجۆ و شەڕی خوێناوی ناوخۆیی کورد کە هێشتا نەبڕاوەتەوە و ئاسەواری بە ژیانی ڕۆژانەی کورد لە هەموو کوردستانا هێژ خویایە . گەڕانەوە مێژوویەکەی بارزانی و شۆڕشی باشوور بوو کە ئەو ململانێی خەست و چڕ کردەوە و گەیاندیە ئەو ئاستە . تەڤ تەڤبوونا میر کامەران بەدرخان و گەلەک دن مینا هێمایێن ڕەوتی کوردێنی بەرێ، بارزانی لە سەر ڕێچکا کەڤن و مێژوویی بزاڤی نەتەوەیی ئەمەشی کو ژ مێژدا کەتبوە بەر هێرش و پەلاماری جیلی شاری وەکی بەرهەمی ئەو سەرمایەداریەی کە باسیمان لێوە کردوە .

کورت هێنانی کورد بە گشتی ئەوەیە کە ئەو ئاریشە و کەمایەسیەی کە بە سەربڕینی کۆمەڵەی ژ ک دەستی پێکرد ، هێژ چار نەکراوە و ڕیگایەک لۆ دەرباز بوون لەو ئاریشە کە وەک پەتا و خۆرە کەوتوەتە وێزی کورد و بڕستی لێ ئەبڕێ ، نەبینراوەتەوە . شێوازی خویی بوون و ئاگری ، لەوانەیە تاقە ڕێباز و شێوازێک بووبێت بۆ بارزانی کە بیتوانیبا بە سەر ئەو ئاریشەدا زاڵ بێت و چاری بکات . بارزانی وسا نەکرد و ئەو هێزە کۆمەڵایەتی یە شاریەش نە مینا جەلادەت و کامەران بەدرخان بوون ، ئەمان و برایم ئەحمەد و هەڤاڵانی ئی دوو دنیای تەواو جیاوز لە یەک بوون . بەزمی بەکرەجۆ هێمای شکست و کورت هێنانی کورد بە گشتی و شۆڕشی باشوور بەتایەتی و هەروسا ژی بارزانی گەورە بوو بەوەی کە بوارێک پەی پێکڤە مەشینا دوو بەشی دیاری هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد نەڕەخسا و هێژ ژی بە تەواوەتی نەڕەخساوە . هەر دوو بەش جیا لە یەکتر و تەنانەت دژ بەیەکتر ڕی یا خوە گرتنە و جارنا هەنەک رێککەفتنێ سیاسی نە پڕ موکووم ناوبەرا وان چی دەبێتن لۆ ماویەکی کورت ڕائەگیرێت .

ئەم دیاردەیە لە باکوور زۆر بە خەستی بەربەچاڤە . ژ باکوور بە پێچەوانەی باشوور، ئەوە بەشی شاریەکە بوون کە یەکەم جار پاش ساڵانێکی دوور و درێژی تاریکستان و دەم بەسانی کامالیستی فاشیست و ڕەگەزپەرەت بە ناوی کوردەوە سەریان هەڵدا و لە نەبوونی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی کورد دا ، زاڵ بوون و ئێستاش خۆیان بە سەر دۆخی ڕۆژئاڤادا سەپاندوە .

ئاریشەی کووری ناوخۆیی کورد نها ، درێژەی ئەو ڕەوتەیە کە دوو ئالی بزاڤی نەتەوەیی کورد جە هەمبەر یەکدوو دا وەستاون وەکی مە گوت هێژ ڕێگا چارەیەک ژ بۆ ئەو گرفتێن دیرۆکی نەهاتیە دیتن . شێوە و شێوازی ململانێی نیوان ئەو دوو بەشەش وەک هەمێشە گەلەک نە قنج و ناشیرین و جارنا قرێژە .

بزڤرینە سەر باسا خوە لە مەڕ گۆران . سەلاح دەبێژی کو ئەو گەلەک بە دیرۆکا خویی بوون و ژ ک و هیوا خەریک بووە و بالا خوە دایە سەر مژارا دیرۆکا ڤان . کامیل ژیریچ ئەوە بۆخۆی بیرمەندی کورد و دۆزی نەتەوەیی یە . هێرشی ئەوان بۆ سەر گۆران کە وەک زۆرێکی دیکە و لە نەبوونی هەر جوولەیەکی سیاسی و نەتەوەیی کوردا بەرەو ئاقارێکی گشتی

ئەو کاتی کۆمەڵگای کوردەواریە چووە ، ئەبێ لە سەر چ بنەمایەک هەڵبەسترابێ ئەگەر هەوانتە نەبێ . سەیرێکی دۆخی ئیمرۆمان بکەین . درز و دووبەرەکی نێوان کورد لە هەموو کاتێکی بەرێ زرقترە ، پ ک ک لە باکوور و ڕۆژئاڤا نەک هەر وازی لە کوردێنی هێناوە بەڵکو ڕەوتی ڕەسەنی کوردێنی ژی وەکی دوژمنی خۆە ئەنرخێنێ هەتا ئەو ئاست و ڕادەیە کو لۆ سیاسەتی خۆی دەگەڵ هەموو لایەنێک بە ئیسلامی و عەرەب و تورک و بەعسەوە ( لەم دوایانە لە حەسەکە ) ئالی کاری ئەکات و خۆی لە کورد و پێشمەرگە ئەدزێتەوە . هەر جارەی کە دۆزی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هەنگاوێک بەرەو پێش ئەنێ ، قەیرانێک لە باشوور سەرهەڵ ئەدات و شەڕی دێمۆکراسی و خێڵەکی ، ڕاست و چەپی چەواشەکارانە و درۆزنانە سەر هەڵ ئەدات و وەکی کۆسپێک ئەخرێتە سەر ڕێگای بزاڤی نەتەوەیی .

کامیل ژیر لە ولو دۆخێکدا دیسان چیلکە ئەخاتە ناو دەمەتەقێ کۆنەکەی وەگەرد سەلاح و بەمەش ئازارو برینی کۆنی هۆگران و خوەش ویستانی گۆران ئەکولێنێتەوە بە نارەوا و بەبێ هۆ و هۆکار ، تەنیا لۆ پینە کردنی دۆخی دۆڕاوی سەلاحی نۆدۆستی . ئاریشەیەکی وسا قوویل و کوور و کۆن و ناشێرین کو هیژ ژی بەردەوامە ، چ فرێکی بە سەر گۆرانەوە هەیە . پەیامی برایەتی گۆران بۆ عەرەبان هی فرەتر لە نیو سەدەی پێشووە و ئەبێ ئەو پەیامە مرۆڤانە و کوردانەی گۆران پاش پتر لە ٥٠ ساڵ چ هۆکارێک بێت ، بە بەراورد کردن و لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەو هۆکارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەی دەرەکی و ناوخۆییانە ، لۆ پێک هێنانی ئەم دۆخەی کە ئێمەی تێداین و تووشی بەزمی دەمەتەقێی سەلاح و کامیل بووینەتەوە .

بەرد و رقی ژاراویی و دەروون ناپاکانە ئەگرنە کۆشکی ڕازاوە و بە پیت و فەڕی وشەی گۆران ! دەسا بگرن بەرقی ئەو کۆشکە ڕەنگین، سەنگین ، جوان ، شیرین ، وەبان کۆمەڵە شاخی سەخت و گەردەن کەش ، ئاسمانی شین ، سەرپۆش و باوەش ، کانی ڕوون ڕوون و تریفەی مانگەشەو ، جریوەی ستێرکان و لەرزەی گول و گولیلکان ، تیشکی زێڕینی خۆر ، ئەڤین ، خۆشەویستی ، هەست و سۆز . تووڵەڕێی دولاودۆڵ پشکن ببڕن و بە تێشکی پاکی یەزدانی دەست نوێژ هەڵ گرن، هۆ بووک و زاوای ژیان ، وەرن گرێی هەتاهەتایی ژیان لەم بارەگا یەزدانی یە ببەستن ، گەندەمووی دەم و چاو هەڵ مەگرن هۆ کۆمەڵی جوانانی بێ ناو و بە ناو ، قژ کاڵان ، لێو ئاڵان .

گوێ ڕادێرن ، ئەوە چ ئای ئای و حیرانێکە . چ هۆرە و سیاچەمانەی سیا چەمانێکە ، بەیتە ، کەلام ، لاوکە و دەورێشە و دەفەکەی ، خانمە خانمی زاگرۆسە و تەمورەی دەستی و چریکەی هالو ڕەزا ، تەلی ئەفسانەیی کەوانی موجتەبایە و چریکەی زیرەک ، خاوکە و قەتارەی مەردانە ، قالە مەرەیە و دەورێش ، شمشالی کون کون ، یەک بە دەستەوە و دوو لە بەر پشتین و باغەڵە ، هەوای ڕوێنەیە و قەتارە و ڕاستە و چەپەیە .

خانە خوی گۆرانە و میوان ، پیر و گاورە گاوەریەل کوردستانە ، باوە تایر ، جەزیری ، حەریری و فقێ تەیرانە ؛ خانی یە و خانایە ، حاجی یە و هەوار و مزگێنی بەهارە ، یاران یارانە ، یاری یارییانە ، یاران یاران نە تۆی دڵ داران ، بێ یادی یاران یاران مەویاران ، کەسی بێ کەسان بیکەسە و هێشتا توورەیی ٢٧ ساڵەی نەنیشتوەتەوە ، قانع ڕووتەیە و تەپ و توزی ئاش و ئاشەوانی ، مەستوورەی ئەردەڵانە لە دەور سێ کوچکەی بابان ، بسکەی جگەرخوێنە و جەزبەی کیمە ئەز و تەمبووری جەزبە و نرکەی شڤان و شینی هەڵبەجە ، وەستای خامە عەلادینە و لە شارۆ هاتگە ، ورد ورد وردبووگەسەوە و خامەش دەم مەکەردوە و یەک بە یەک بەسەریان مەکەردەوە ، مەلا کەریمە ، شەن و کەو بە دەستەوە لە سەر خەرمانەی سوورە ، دانەدانە وشەی پەرتەوازە ڕاست ئەکاتەوە ، هەژار و هێمن و مەلا جەمیل پڕمە و پێکەنیانە، چ باسە ، قامکە و لۆ هاژار و سەربادانە . بەزمە ، شایی یە ، هەڵپەڕکێ و دیلانە ، دیلانی مە کوردانە ، وەرنە دیلانێ ، دەهۆڵ و زوڕنا و فرکە فرکی زارۆلانە ، هەرایە ، بەزمە و بەزمی کوردانە . مەمی دلان و زینی هەناوان با بینایی چاوانە، بەکرە ژی ، کا ، ئۆە ، بنەر ، دەرگاوانە .

========================================================== .

# گۆران لە زمانی خۆیەوە

هەرچەندە بەرتەسک وکەم و هێیندەک ، لێ ئەوەندە لە گۆرانی مەزنەوە ، لە گۆرانی کوردەوە بۆمان بە جێ ماوە کە بە بێ لێکدانەوەی ئەم و ئەو ، خۆی لە خۆیەوە و وەک ئەوەی کە بە ڕاستی بووە بناسین . با دەس پێبکەین .

١ – گۆران باسی ئاقاری هۆنراوەکانی لە سەر بنەمای کێشی پەنجە وەک تایبەتی نەتەوەیی ئەکات :

سەرەتا بۆ بەهشت و یادگار :

شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەلبەستراون کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون ، بەلام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتیی نەتەوەییمانە وە لەگەل خەصائیصی زمانەکەمان چاتر ڕێکئەکەوێ ، بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبیی خۆما ، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم ، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووضم بەتەواوی ، وە لاموایە بۆ ئێجگاری بەرەڵلا کرد ، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕوویدا .

٢ – گوێ گرن لە دەسپاکی و بەدەربەس بوون پەی مێژووی ئەدەبی کورد .

دوایی ، لە کاتی نووسینەوەو ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا بۆ چاپ ، لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشەو تەعبیری چەوت تووش‌هاتم ئەمتوانی بیانگۆڕم بە وشەی کوردیی پەتی ، یان بە چەشنێکی پەسەندترو دلگیرتر دەستکاریان بکەم .

بەلام ئەمە ، لە باری سەرنجی ئەوکەسانەوە کە بە شوێن لێکۆلینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد ، وە چۆنیەتیی گەشەکردن‌و گۆڕانی زمانی کوردیدا ئەگەڕێن ، زیانی زۆرترە لە سوود ، با بێزاریی خۆیشم لەولاوە بوەستێ لە تەقەلای شاردنەوەی خەوش‌و ناتەواویم بەچەشنێکی لە ئەندازە بەدەر ، بەلکو لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەلقی‌تریشا .

لەبەرئەوە بڕیارمدا دەستی دەستکاری‌یان کەم‌و زۆر بۆ درێژ نەکەم ، وە هەروەکو هەن‌و بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست !

**گۆران**

هەولێر : ١٩٥٠/٦/٢٥

٣ – تێگەیشتن و چاوەڕوانی لە جوانی .

## پێشکەشی بەهەشتو یادگار

پێشکەش بۆ :
ئەو شۆخو نازدارانە کە جوانییان وەك تیغ نابڕێ ، وەك چرا پێش چاو ڕووناك ئەکاتەوە ! .

٤ – هۆنراوەی گۆران ، تەنیا ٥ مانگ پێش کۆچی دوایی ، لە کوێش ؟ لە مسکۆ ، بە دەردی شێرپەنجە و لە چاوەڕوانی مەرگا ، گۆران هەمان گۆرانی لووتکە و جوانی و هەست و جوانی پەرەست . دەسا دەک کوێر بێ ، کەڕ بێ و دەمی لار و خوار بێ ، ئەوەی هێز و پێز و جوانی و ئەڤینی نەمر و هەمیشە زیندووی گۆران تەنانەت لە سەرەمەرگا نابینێ .

## بێداری یەك ...

ژوورم تەنیاو ، دنیای بەر پەنجەرەی ژوور ،
بە چوار دەوری باخچەی کۆشکا ، هەتا دوور ،

دارستانی سەروەو سنەوبەری سەوز ..
شەو ڕووناکەو ، چاوم یاخی لە وەنەوز ..

ئەی بلبلی شەبەقی شەو ! بخوێنە ،
هەستی « جوانی پەرستی »م بووروووژێنە ..

با بە زەبری مەستیم بە ئاوازەی نوێت
وێلی دارستان بم کاتێك : خەڵك ئەنوێت !

ئەگەر عەشقی هونەر ، وەك تۆ ، ئەی بلبل ،
لەناو ڕەگما لەگەڵ خوێنا بدا پل ،

منیش وەك تۆ ، خەوم ئەخەمە ژێر پێم ،
دێم بە چڕی دارستانا ئەگەڕێم .

بە لای لەشی سپیی پەیکەرەکانا
تێ ئەپەڕم ، دەستی چەپ لە گیرفانا ،

ئەشێلم گیای بنداری نوقمی ئاونگ ،
بای دارستان لەرزێن ئەمژم پڕ بە سنگ

بە شەپۆلی گەڵای سەوزا کە ڕوانیم ،
سۆزی لەرەی نوێ ئەچێتە گۆرانیم ؛

وەك شووشەی عەتر وشەکانی هەڵبەستم
ئەگرن بۆنی گوڵی لەیلاخی دەستم ...

ئەوسا ، مەگەر ، زاتێك بنێمە بەرخۆ ،
دەم لە جوانیی تۆ بەم هەواری مۆسکۆ !...

هەواری بەرڤیخە
١٩٦٢/٦/٦

٥ – زۆربەی هەرە زۆری کورد ئەحمەدی خانی بەو هۆنراوەیەوە ئەناسن کو دەبێژێ

ئەز مامە دە حێکمەتا خودێ دا        کورمانج دێ دەولەتا دنێ دا

ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحرووم ؟        بێلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم؟

دەسا خزمینە گۆران ببینن کە بووگەسە خانی سەردەمی خۆی و گازندە لە خوا ئەکات :

## ئاخ ، هەزار ئـاخ ...

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ ! تا قیامەت ئاخو داخ !
من کە سنگم بەردە ، طەبعم بەرزە چەشنی شاخو داخ ؛

من کە خوێنم ئاگرە ،
چوونە جۆشم حازرە ،

من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم ،
تاقە ڕەنگی ئابڕووم

مەردی ، بێباکی ، دلێری بوو هەموو ...
کوا ؟ مەگەر ئەصلی نەبوو ؟

بۆ سەرم نەرمە لەعاستی بەندی دیلی ، داخەکەم ؟.
بۆ لە ئزمیو پەستیدا وەك گۆمی لووطە شاخەکەم ؟ (١)

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ !
نەگبەتیی کوردی هەژار ، ئاخ !...

بۆچی ئەو سنگەی سپەر بوو بۆ پەلاماری عەدوو (٢)
بوو بە پەردەی سەر قەفەز بۆ دەربڕینی ئارەزوو ؟

بۆ زوبانی بێ گرێم
نایەلێ سەربەست بڵێم ؟ :

ڕێبوارم ، سەربەخۆیی کەعبەمە ؛
دەشتی خوێن گەر ڕێگەمە ،

بێخوطوورەم ، بەردەبازم کەللەیە ،
تا ئەگەم بەو قیبلەیە !...

بۆ نەهاتە سەردەمم ئەم چەشنە گوفتارانە قەت ؟
بۆ نەبوومە پاڵەوانی کردەوەی ئازانە قەت ؟

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ !
غیرەتی کوردی هەژار ، ئاخ !...

ئەی ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بەپێی خاکو زمان ،
دای بە هەر قەومێ نگینو تاجو تەختی حورِ ژیان ! (٣)

کوا نگینی بەختی من ؟
کوانێ تاجو تەختی من ؟

بۆ لە خاکی پاکو زاری بێ گرێم ،
غەدر ئەکەی ؟ نابەخشی پێم ؟

یا ئیلاهی حەققی خۆم داوا ئەکەم :
کوا نگینو تەختەکەم ؛

بۆ لە عەرشی دادپەروەر ـ بۆ دڵی کوردی هەژار ! ـ
تاقە تیرێکی ستەم عەکسی بکاتو بێتە خوار ؟

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ !
خالیقی کوردی هەژار ، ئاخ !...

٦ – کێ وەک گۆران مشووری بەدرخانیانی و مێژووی کوردی خواردوە لەو کاتە و پێش و پاش ئەو کاتەش

## ئیلهامی (( هاوار ))

(( بۆ مەفکوورەی بەدرخانی‌یەکان ))

دەروێشێکم دی لەسەر دەخمەی شا
ـ شای صەلاحەددین ـ بە کوڵ ئەگریا ؛

هاواری ئەکرد ، ئەیلاوانەوە ،
دڵی ئینسانی ئەتاوانەوە !..

* * *

دەروێش میرێك بوو خێوی تەخت‌و تاج
چەرخ لێی وەرگەڕا کەوتە بەر تاراج ...

ئەی چەرخی غەددار ، ئەفسەر بازیچە ،
بە حەسیر گیری فەرش‌و قاڵیچە !

سەری ڕاهاتووی تاجی سەربەستی
کەی ئەنەوێ بۆ زیندان پەرستی ؟

سنگێ کە تەختە جێگای ئارامی
کەی قنیات ئەکا بە بای ناکامی ؟..

وەك شێر نرکانی ، وەك ئاگر هەڵچوو
زنجیری پچڕان ، لە زیندان دەرچوو !

گەلێ هەڵمەتی برد بۆ پێچکەی تەخت
بەڵام نەخووسا بەردی دڵی بەخت ،

گەلێ کێشای دەست بۆ جقەی ئەفسەر
بەڵام ناوچاوی نەینووسی ظەفەر !..

سەری خۆی هەڵگرت ، ڕووی کردە شاران
توێشووی ڕێی تەنیا عەشقی کوردستان !

* * *

ئێستا لە دەشتی شام لەسەر قەبری
باپیری گەورەی ، بۆ وڵات ئەگری ،

بۆ وڵات ئەکا شیوەنو هاوار ...
کوردە غیرەتێك زینهار ! صەد زینهار !

بە کۆمەڵ بگرن گوێ لە هاواری :
کۆمەڵ جەلب ئەکا ڕیققەتی باری !..

گۆڤاری « هاوار »
**ژمارە (١٠) ، لاپەڕە (٥)**
١٩٣٢/١٠/٢٣

٧ – گۆران و دەنگی گۆڵە خوێناوی و ژاکاوەکان و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و قوربانیەکانی ، لە چ سەردەمێکدا خزمینە ؟

## بەردەنووسێك

**« لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێك هەڵکەنراوە »**

لە خاکی گڵکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ
ئاخێك بنێژە ؛
بە کێلی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ
لە چاو بڕێژە !

لە دنیای ڕووناکتا منیش گیانێ بووم
لە لەشی جوانا ؛
وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم ئەچووم
بەناو گوڵانا !

کۆشی گەرمی دایك جێگای نازم بوو ،
گیان بووم لای باوك ؛
ناوبانگی چاوڕەشی ڕوشتەی ڕازم بوو ،
بووبوو بە لاوك ؛

بەڵام ئاخ کە نالەی لاوکی لاوان
زوو مەستی کردم ،

به ڕێی عەشقی پاکا ئام مل‌و ، تاوان
بۆ لاڕێی بردم !

لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما ،
بە سوێن‌و پەیمان ،
وەك ڕەشمار پەپکەی خوارد ، نووست لە ناوجێما ؛
ئابڕووی تکان !...

پاش ئەوەی ماری پیس زەهری خۆی ڕژان ،
کشایەوە کون ؛
هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی ژان
کەتن‌کەری ون ...

ڕووی نیازی زەردی دایك‌و باوك‌و خۆم
بێ‌سوود کەوتە گەڕ ،
خۆیشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم ،
گوێی لێ کردین کەڕ !

ئەو کوڕ بوو ، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو ،
بە دەستووری گەل
ناپاکیی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو ؛
بەڵام ، ئاخ ئەجەل !

منی ( کچ ) مامزی بەندیخانەی ژین :
سزای تاوانم ،

به دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین !•••
پرچی پەخشانم ،

تلا لە خوێنەوەو کەوتە سەر چاوم ،
ئیتر نەمبینی :
لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم
چۆن بوو برینی ؟

یان دایکی دڵسۆزم وێرای بە بێشەرم
بۆ جوانەمەرگی
وەك دایکان شیوەنێك بگـێڕێ بە گەرم ؛
ڕەش کا بۆی بەرگی ؟•••

٨ – پێناسەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی گۆران :

## پێشەکییەك بەکورتی :

ئاشکرایە گۆڕاییییە باکووری‌یەکان ( شیمالی‌یەکان ) کۆمیوونیستن . هەرچی منیشم بە ئایین موسوڵمانو ، بە باوەڕی سیاسی دیموکراتو ، بە شەرەفی جینسییە هاونیشتمانێکی عێراقیم . بەڵام جیاوازیی ئایین ، جیاوازیی ئایدیال ، جیاوازیی پێڕەوی فەرمانداری ( نیظامی حوکم) چی‌یان هەیە بەسەر هەستو عاطیفەیەکەوە کە لە قووڵاییی سەرچاوەی ئینسانی‌یەوە هەڵئەقوڵێ ؟ بە دوو چاوی زەق ئەبینم چەقۆ خراوەتە گۆشتی نەتەوەیەکی ئازای ئازاد ، تەنیا لەبەرئەوەی چۆن خۆی ئەیەوێ وا ئەژی ، پاسەوانە ڕاستەقینەکانی دیموکراتی‌یش بە هەموو دڵڕەقی‌یەك ئەڵێن : نەء ، ئێمە چۆنمان ئەوێت ئەبێ وا بژیت !

هیچ‌کەس نەزانێت ، ئێمە ( دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) باش ئەزانین ئەمانە ئەیانەوێ کلۆڵی داگیرکراوی ژێردەستیان چۆن بژی !

ئەمجا ، ئەگەر بەبۆنەی بەسەرهاتی داماویی کۆریاوە فرمێسکێکی دڵسۆزانە بەسەر برینی هەردوولای ئەوانیش‌و خۆشمانا بڕێژم ، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ زاتی ڕێ‌لێ‌گرتنم بە دڵا بهێنێ .

**گۆران**

شاری هەولێر ، ساڵی ١٩٥١

٩ – گۆران ببینن ، باس باسی کورد و کوردستانە .

## پەیامی کورد

بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجان و قوتابیان لە بوخارست

١٠ – باسی گۆران باسی مافی کوردە

لاوی کورد ، دەست لە دەست برای عەرەبا ،
دەردی دڵ بۆ لاوی گشت جیهان ئەبا ..

تەنانەت لاوانی میترۆپۆلەکان
دان ئەنێن بە حەقی کوردا بۆ ژیان !

١١ – گۆران و کێشەی مرۆڤایەتی و ئازارەکانی :

ئەم دنیا ڕووخاوو ڕوو برینداره
ماوەی چنگ ئەکەوێ دەرد بکا چارە :

هیچ نەبێ هەتیوێك ئەگا بە دالدە ،
بەندی یەك لە زنجیر ئەبێ ئازادە ...

ورگێکی خەوێران پڕ ئەکرێ لە نان
نەخۆشێك شیفای دێ بە داوو دەرمان

ڕووتەیەك پارچەیەك جلی پێ ئەبڕێ
بۆی ئەلوێ پێك بێنێ چەپەرە شڕێ ..

پیرێکی پەك کەوتوو ، یان ژنی داماو
لەبرسا مردنیان دڵ ناکا بە ئاو ،

یا ساوای لە چەقی ڕێگا توورڕدراو
گەل ئەبێ بە دایکی و ئەیهێنێتە نـــاو

سەگ نایخوا ، وەك پلێك گۆشتی بێ تاوان
تا ئابڕووی ئەم عەصرەی پێ بەرێ ئینسان !

١٢ – ئەحمەد موختار بەگی جاف وگۆران کوردستان ئاوەدان ئەکەنەوە ، جگەرخوێن و کینەم ئەز ، فرێ دانی لاکی دوژمن

لاوی کورد کە گرتی ڕێی گەڕانەوە
بە دیاریی ئەم بیرو باوەڕانەوە ،

بەیداخێك هەڵئەکا وێنەی تۆ لەسەر
بۆ گشت لای ولاتی ئەکا بە سێبەر ..

ئەو حەلە دوژمنی بە شەڕ قنیاتکەر
وەك لاکێك لە مالمان ئەکێشینەدەر

دوای ئەمە ئێمەین‌و نوێ‌کردنەوەی ماڵ :
هەر دە ساڵ لە تەئریخ ئەبڕین بە یەك ساڵ

ئاوی چەم ئەکێشین بۆ سەر لووتکەی شا-
بەردی ڕەق دەردێنین ، جێی ئەکەین بە با-

لەسەر هەر لووتکەیەك ، تەپۆلکەو یالێ
هەر بن‌دار بەڕوویەك ئەکەین بە مالێ

درێژیی ناو دۆڵو ، پانایی ناو دەشت
بە تەلاری جوان ئەکەین بە بەهەشت

زەوی‌وزار بە بەری ڕەنجی تراکتۆر
عەمارمان پڕ ئەکات لە گەنمی زۆر ..

نەوتمان ، کارگامان ، بەرهەمی کانمان .
ئادزرێ‌و ، نرخەکەی دێتە گیرفانمان .

چ خێری نیشتمان ، چ ئارەقی ڕەنج
کوردستان سەرانسەر پڕئەکا لە گەنج !

باغچەمان سەرانسەر گوڵی ئەپشکوێ
بلبلمان فێرئەبێ بە ئاوازەی نوێ

ئەنانەت لە بێشکەی ساوامان ، گریان
ونئەکا ، موعجیزەی بەختیار ژیان !...

١٣ – گۆران و بەرز کردنەوەی گیانی مرۆڤانەی کورد

ئەمەوێ لاوی کورد بخاتە سەر دەست :
ئەو دڵە گەرمەی خۆی کە پڕە لە هەست

بیگێڕێ بەناو گشت دەستەی لاوانا
هەستی خۆی جاڕبدا بەناو جیهانا !

نەڵێ من کوردمو دواکەوتوو و بچووك
ئەترسم ببینرێم بە چاویلکەی سووك .

١٤ – بت و بتەوان ، تێروانینی گۆران لە مەر عێراقی ئەو سەردەمە

کابرایەکی ڕووتو برسیم
بە هیوای پاشەڕۆژ ئەژیم !
هێزی باڵ تك تك ئەڕێژم !
نەمامی دواڕۆژ ئەتێژم !
خوارو ژووری ئەم عێراقە ،
شین ئەکەم وەك کەوای تاقە !

١٥ – بەشی کۆتایی بت – بتەوان ، گۆران و وریا کردنەوەی عێراقیەکان لە پیلانی دوژمنانیان ، من گەلم گەلی عێراقم .
من عێراقم ساختەی ئێوەیە نەک هی گۆران ، ئەفەندی !

دوژمنم : شەیتانی نەگریس ،
ئەمریکا بێ ، یان ئینگلیس
تا ماوە چاوی لێم زیتە ..
« ئەمە خووی ئیمپریالیستە ! »
بێتوو سستیم لێ ببینێ ،
کۆنەپەرست ئەورووژێنێ !
دەرەبەگ ، کلك ، کرێ گرتە
هانئەدا بۆ بۆلەو خوتە ،
بۆ کەلەکو بۆ فرو فێل ،
تەنانەت بۆ بە پاچو بێل
خـاپوور کردن ...
ئەبێ وریا بم ، وریا من !
من گەلم ، گەلی عێراقم
عەرەب ئەم لاق ، کورد ئەو لاقم
ڕێی کاروانم نا هێمن بوو ،
شوێن بۆسەی هێزی دوژمن بوو ،
مۆلم دابوو لە شوێنی خۆم ،
نەمئەوێرا بارکەم ، بڕۆم ...
وا ئێستا ڕێم بەرەللایە
خواستی کۆچم لە دلایە ،
هێند گەرمە کەلکەلەی سەرم
وەك گوللە تیژ تێئەپەڕم !
بەسەر ڕێگای پێشکەوتنا ،
ڕێی خۆ بەختیار کردنـا ! ...

بەعقووبە . تەمووزی ١٩٥٨

١٦ – گۆران و کودەتای رووسی قاسم

له پشتەوه شەپقه زلێك وەستابوو ،
( ئەو چاو زەقه دزی نەوتو خورما بوو ! )

ڕووی هاوخەمیی گیرا به خزمانا گشت ،
وتی : هەی داخ ! نازانن کێ گەورەی کوشت ؟

یاساوله کەتەکەی ژێر ئالآی سوور
که چەقیوه وەك میل لەسەر ئاسۆی دوور •••

ئەو تەقەی کردو کوشتی ،
ئەم خوێنه هەر ئەو ڕشتی ! ••

١٧ – گۆران و دایکی کوردستان و برایەل فەیلی ، هیچ ئەمێنێتەوە لێی زیاد بکرێ ؟

# تــاسەی دیــدار

**« به زمان دایکی کوردستانەوه بۆ برا فەیلی‌یەکان »**

ڕۆڵەی دووری ئاواره بووم
کەللەی پڕ بوو له ئارەزووم ••
سەودای سەری ، تاسەی دڵی
خۆزگەو ئاواتی به کوڵی
هەر ئەوەبوو : که باڵ بگرێ
وەك مەل ، تا •• باوەشم بفڕێ !
دەم بنێته دەمی کانیم ،
دەست بکاته ملی لووتکەم ،
گوێچکه شل کا بۆ گۆرانیم ،
بۆم پێکەنێ وەك خوڕەی چەم ! •••
بەڵام ساڵان ••
ساڵانی زوو ••
کونــدەبەبوو
کوندەبەبووی شووم ئەیقڕان :
قــەدەغه بوو له منالان
بۆ گۆی مەمك بەرن دەمیان ،
قــەدەغه بوو دەستی دایك
بنێته دەم ســاوا مەمك ! •••

٣

سەردەمێك بوو ،
كوندەبەبوو ،
قەل .. ئەيقڕان ،
گورگ ئەيلووران ،
پلنگی دوو پێی دارستان
شارستانیەتیی ئەلەرزان !
ڕۆژ تاریك بوو ، ڕێگا ترس بوو ،
« جوولە » پەلپی هەزار پرس بوو ...
ڕۆلەی دووری دەشت نشینم
ئەبوو ، هەرگیز ، تیر نەبینم !
ڕۆلەم لەگەڵ ڕۆلەی دیجلە ،
لەگەڵ ڕۆلەی دیجلەو فورات :
لە خوێناوا ئەیكرد مەلــە ،
بە خوێنی جەرگ ئەیكرد قنیات !
ڕۆلەم دیل بوو ،
دیل زەلیل بوو ،
ڕۆژی شەو بوو ،
شەو بێخەو بوو ،
پۆلیس وا بەسەریا زاڵ بوو
وەك كۆتر نێچیری داڵ بوو !
سەرەڕای هاودەردیی دیجلە ،
ترس هەبوو ، شەق‌و زللە ،
وشەی كوردیی سەر زمــانی
باتە قەڵەم بە تاوانی ! ...

بەلام ڕۆلەی منو فورات
ڕۆژی پیرۆزیان لێ هەلهات ،
چواردەی تەمووز پچڕی زنجیر :
لەسەر مل لاچوو دەمی شیر ،
پرشنگی ڕۆژی ئازادی
ویرانەی پڕ کرد لە شادی ،
بـای فێنکی زەردەخەنە
بەسەر کولما کەوتە شنە ،
چاو وەکو گوڵ مەستی ڕەنگ بوو
زمان بەستەی خەستی دەنگ بوو ،
کوڕ کۆشی دایکی کەوتە بیر ،
دایك مەمکی پڕ بوو لە شیر •••
ئەوا ، ئێستا : خوشكو برا ،
براو برا ،
لە یەکتری بوون ئاشکرا •
هەر دەستە •• هەر دەستە گوشرا ،
تینوو ــ تینوو ! لە مل کرا •••
هەر ڕۆلەی دوور کوردستانە
لە کۆشی دایکا میوانە ! •••

سلێمانی • ئـابی ١٩٥٨

١٨ – هۆنراوەی سیاسی و نەتەوەیی  گۆران لە سالانی کۆتایی ژیانی ، دو سال بەر لە کۆچی دوایی

## نـــەورۆز

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ !
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان ، دڕ !

گەرمیو ژینو شادیی هێنا بە دیاری ،
کوردی خستە جەژنی تازەی بەهاری .

پووش بوو بە گیا ، چیلکەی باخ بوو بە دار گوڵ ،
لە وشکەسی کانی کەوتە قوڵە ــ قوڵ .

گولاڵەی دەشت ، نێرگزی مەست ، وەنەوشە ،
وەك پێشەنگی بەهار کەوتوونە گەشە ،

ئەڵێی پەلەی پەرداختی نەورۆزیانە ،
بۆ جەژنی کورد ئەو گولاڵنەش سۆزیانە ..

هەروەك سروشت ئاگادار بێ : کە کاوە
چ ڕەنجێکی بۆ ئازادیی گەل داوە !

هەروەك مەلان بە حەواوە بزانن :
کە بە ساردی چەن دای چەکوش لە ئاسن !

تا زنجیری ئەژدەهاکی لە گەردن
نەتەوەیەك دامالی پێکی ئاسن !

شەوی دیلی بوو بە ڕۆژ ، خەم بە شادی ،
زستان گەڕا بە بەهاری ئازادی ..

ئەی هاوچینو هاو نەتەوەی کاوەی مەرد !
تۆیش بە بازووی خەباتی سەختی وەك بەرد ،

شەڕفرۆشو ، ئیمپریالیستو ، ناپاك ،
وا داپڵۆسە کە یەکسان بن لەگەڵ خاك ..

ئیتر هەرگیز ، سەر هەڵنەبڕن وێنەی مار
هەنگوینی ژین لە مرۆڤ پڕ کەن لە ژار ! ...

**سلێمانی . مـــارتی ١٩٦٠**

١٩ – گویَ گرن خزمینه . گۆران و قوولایی و پانتایی بیری کوردایەتی ، یەکێک لەو بەرهەمانەی کۆتایی ژیانی ، ساڵێک پێش کۆچی دوایی ، گۆران ، شێرکۆ و سەلاحەدین و خانزاد و خانی و نالی و مەحموی و خانا و مەولەوی سەرەدەمە . دەک لێی پیرۆزی بێت ، خوایە .

## بە ڕێــــگادا ..
## بەرەو کۆنفرانس (١)

مامۆستایان ئەیــانەویَ :
هەتاوی کورد زوو دەرکەویَ ،
ڕێی بیر بۆ مێشکمان خۆش کەن ،
زمانمان بە کوردی گۆش کەن ...
ئێمەیش شوێن کەوتووی کاروانین :
هەم خانەخوێین ، هەم میوانین !

ـــ نەوەی شێرکۆ : صەلاحەددین ،
پالەوانی غەزای ڕێی دین !

چیاکانمان ،
چیاکانی کوردستانمان ،
هەموو سەرپۆش سپیو بەرزن ،
بەر پیَ بەفراو ، داوێن سەوزن .
سەرانسەری ئەم کێوانە :
درەختەو پێشکەو جۆلانە ...
لەناو پێشکەی ڕاژەنراوا
دەنگی گڕوگالی ساوا ،

کچ بیَ ، کوڕ بیَ ، دێنێتە یاد :
شکۆی صەلاحەددین ، خانزاد !...

ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان
یەک سوڵتانیان پێ ئەگەیان ،
ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد
دانیشێ‌و بە ڕاوێژی ورد
ڕێگای پێ گەیاندن دانێ :
بۆ ملیۆنان ، تەک سوڵتانێ !
لە بێشکەی بن هەر سێبەرێ
سبەی ئەگەر بێتەدەرێ :
خانزادێ ، صەلاحەددینێ ،

کاکە مەمێ ، خاتوو زینێ •••
ئەوسا بەستەی بێ‌خەمیمان
چ هیی پێنووس ، چ دەمیمان ،
بە تاقە یەک زاری شیرین
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین !
ئەوسا : (خانی) ، خانیی سەردەم
بە زمانێک ئەنووسێ (مەم)
کە پێی‌ئەدون (نالی)و (مەحوی)
وەک (قوبادی) ، وەک (مەولەوی) !

٢٠ – دیسان گۆرانی گۆران ئاسا لە ١٩٦١ و کۆتایی ژیانی ، بۆڵە و خوتە لە هێز وپێز و جوانی ؟

ئەوسا ، نەورۆز ،
جەژنی پیرۆز !
درِك ئەرِزێو ، داخی دڵی ،
ئەبێ بە بۆگەن بۆ گڵی
تۆیش ئــاهەنگی بەهارەکەت
نەخشی لووتکەو نزارەکەت ،
لە باخچەی گوڵی گەلانا
گوڵێك ئەبێ لە مەیدانا ..
هەر مرۆڤێ دێو بۆنی کرد
ئەڵێ : بژی نەورۆزی کورد !...

**بەغــدا . مارتی ١٩٦١**

٢١ – چیرۆکیکی برایەتی ، بەغدا ١٩٦١ ، گۆران لە نیازپاکی خۆی دڵنیایە و داوای نیازپاکیش ئەکات لە عەرەب .

برای عەرەب !
بمانەوێ براییمان
میوەی شیرین بچنێ لە دار ،
بمانەوێ ئازادیمان
گوڵ بگرێ وەك باخچەی بەهار ،
بمانەوێ هەموو کاتێ
ئەمساڵمان چاتر بێ لە پار ،
ئیتر هەرگیز نەمانگاتێ
دەستی تاوانباری زۆردار ..
ئەبێ بەرەو ئاسۆی ڕووناك ،
ڕێی ڕاست بگرێ نیازی پاك !

٢٢ – یەکی ئەیار لە مسکۆ ٦٢/٥/٣ ، ، گۆران هێژ لە لووتکەدایە ، ٥ مانگ پێش کۆچی دوایی.

دوو ڕەنگ ئەبینی

ئاڵ : وەك كولمێك گەرمی خەبات ،
سەوز : وەك ژینێك پڕ لە ئاشتی !•••

و پاشان ئێژی

جۆشی دەنگ‌و ڕەنگ‌و جوولە
گیانی منی خستە سەر باڵ ،
لە ئاسۆی دووری وڵاتم
ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ :
بو ڕەنگی سەوز ، پاش ڕەنگی ئاڵ ،
بۆ ڕزگاری لە ژینی تاڵ !•••

١٩٦٢/٥/٣

٢٣ – تیروکەوان ؛ کۆنفرانسی ئاشتی چەک فڕی دان ، ٦٢ ،  گیانی ئاشتیخوازانەی گۆران و دەس پێ ڕاگەیشتنی مرۆڤ بۆ قووڵایی ئاسمان و ئەستێرەکان .

چەك نەمێنێ ،
ئەوسا ، بێ‌ترس ، تیر ئەنوێ چاو ،
ئەچێتـــە ئیش دوو دەستی پیـــاو !
ئەوسا باخچەی ژیانی نوێ ،
جوانترین گوڵ تیا ئەپشکوێ !
ئەوســـا ئینسان ،
بە دەستی بێ تـــیرو کەوان ،
زووتر تۆوی گوڵی زەوی
بۆ ئەبرێ تا ئەستێرەکان ! •••

بەرقیخە : ١٩٦٢/٦/١٧

٢٤ – سالآنی کۆتایی ژیانی گۆران و هۆنراوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردی .

## ئــاوابوونێك

**« بەبۆنەی کــۆچی دواییــی خوالیخــۆشبوو**
**مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە »**

ئەی سەیوانگای ئارامگای ڕابوردوومان ،
پێت سپێررا کۆستی تازەی کەوتوومان !

لەو کۆشەتا کە خاکی نیشتمانە ،
گۆشەی سنگی نازداری کوردستانە ،

با تێر بنوێ ئەو ئەستێرەی کە بە شەو ،
بە شەوی کورد •• نەچوە چاوی یەك تك خەو !

هەر ئەینووسی لەسەر تەختەی ئاسۆی ڕەش ،
وشەی (هیوا)ی کوردی بە پیتی گەش گەش ••

ئەو ڕەنجەی دای بە دەرس‌و نامەو هەلبەست
شوێنی دیارە : لەو گڕەدا کلپەی بەست

لە بن هەموو بەردێکی چیای کوردا ،
لە قوولآیی دلی درشت‌و وردا •••

ئێستا کە ڕووناکیی ئاسۆی ڕۆژهەلآت
مژدەی پێیە •• کورد نزیکە لە ئاوات

دلنیا بوو لە ئەنجام‌و ، بە بێدەنگ ،
کێشایەوە بۆ سێبەری خەوی مەنگ ؟

لەپاش ماندووبوونی مەردانەی مەیدان ،
با لە کۆشی دایکا بنوێ پالەوان !

بەلآم ئێمەی گیرۆدەی ئەستێرەی گەش ،
تا ئەوڕۆژەی گل ئەمانخاتە باوەش ،

چاوی تاسەی بە شوێنا هەر ئەگێڕین ،
لە ئاسمانا ، چونکە جێی چۆل ئەبینین !••

**سلێمانی • ئابی ١٩٦٠**

٢٥ – یادی بیکەس ، لە بێکەسەوە بۆ حاجی قادر و لەویچەوە بۆ خانی ، کێ ئەم لێک گرێدراویە ئەبینێ .

جار جار لەپاڵ مەتحی درۆی زۆردارا ،
چەن گولێکێش ئەکرا بە قژی یـــارا ••

له باغێکا فرمێسکی (خانی) ئەڕژا ،
دڵی ( حاجی ) له ئاگرا ئەبرژا ،

(بێ کەس) دڵی بڕوای نەدا خامۆش بێ ،
له بەستەیا نیشتمان فەرامۆش بێ !

کزی چاو بوو .. به چاوی هۆشمەندی
له ئاسۆی دوور برایەتیی کرد بەدی ،

لەناو هەردوو نەتەوەی عەرەباو کورد ،
به بانگی بەرز ئەمەی خستە شیعری ورد .

لەکاتێکا دەستی دوژمنی نامەرد
تۆوی کینەی چاندبوو وەك گەرای دەرد ،

بەو نیازەی بکەوێتە خۆ خۆری :
کوردو عەرەب ، تورکمانو ئاسۆری !...

بەلام ، بلبل که ئامانجی لەم ژینه :
بەس خوێندنی بەستەی شیرین شیرینه ،

تاکو دەنگی چریکەی بێ لەسەر دار ،
هەر زیندووەو ، هەر بلبلەو ، هەر باڵدار !

کەوابێ تۆیش تاکو ( داری ئازادی )
بەستەی کوردە ، ئەژیت ، نەمری یادی !...

**بەغدا . کانوونی یەکەمی ١٩٦٠**

٢٦ – یادی پیرەمیردی بویژ ،

هێرۆم بۆیە لا پەسەندە :
لەسەر ڕەگێکی قووڵ بەندە
بەسەر دڕکی ژینا زاڵە ،
تا ئەمرێ ، سەر لقی ئاڵە !...

**بەغدا . حوزەیرانی ١٩٦١**

٢٧ – گۆران هۆگری فقی تەیرانەوە ، گڕی لایەنگری هەژاران سارد ناکاتەوە و تەموورەی ئەڤینی پاک بۆ گەلی لێ ئەدات ، تەمووره ، کەس سرنجی تەموورەی پاکی داوە ؟ یاران ، یارانی یاری !

ئەو گڕانەی سارد نابنەوە :

## فەقێ تەیران (١)

بەس بگری‌و خەم بخۆ ، ئەی فەقێ تەیران !
هەژاران ڕۆژێ دێ هەڵسنە سەر پێ ،
لەگەڵ خاك یەکسان کەن کۆشکی زۆرداران ،
خوێن‌مژین نەمێنێ‌و ئاغا تووبڕ بێ ••

تا دنیا بمێنێ تیایا شاو خوونکار
لە سنگما ئاگری تۆڵە کز نابێ ،
سەری من نانەوێ بۆ ئاغاو زۆردار
جاڕدەری ئازادی لا نادا لە ڕێ !

تا ڕۆژێ مژدەی دێ بەهارێکی خۆش
ئەبێ چەخماخە بات برووسکەی وتەم ،
نابڕێ لە زارم ، نیشتمان ، خرۆش ،
تا ئاغای مفتەخۆر لە قیڕە نەخەم !

ناترسم لە زنجیر ، لە کۆت ، لە لێدان ،
لە زیندانی تاریك ، قەفەزی ئاسن •••
لە دڵما گڕێکە هەستی نیشتمان ،
ناتوانێ کزی کات تەنانەت مردن ! •

ئەمەوێ پێش ئەوەی بمنێنە ناو گڵ
تەموورەی عەشقی پاك بۆ گەلم لێدەم ،
پاش خۆیشم بێتەدی خۆشە خۆزگەی دڵ :
ئازادی ببێتە بەستەی هەموو دەم ! ••

٢٨ – هۆنراوەی دلەکەم ؛ ئامۆژگاری گۆران لۆ کێ یە؟

نەکەن قەت بە ئاغاو بە شا لاس بخۆن :
کینەی خەست ڕەوایە بە دوژمنی کۆن !

٢٩ – دیسان گۆران و فقێ تەیران و تەمووره ، گەلەک باڵ کێشە هەڤاڵان ، نە وسایە .

(فەقێ) بۆ هەژاران تەموورەت لێدە ،
لە نووکی قەڵەمت گەوهەر فڕێدە ..
دێ بە دێ جاڕ بدە هەر لە ئێستاوە :
مژدە بێ ، ئازادی دێتە دنیاوە ! ..

٣٠ – هۆنراوەی دەربەدەر ؛ لە خۆڕا نیە کە قوڵەئاغا گۆران بیراز ئەکا !!

گۆرانیی (قین) ئەڵێم ، با ڕقم هەڵسێ !
ئاغایەك بمێنێ مەیدان بەرنادەم ؟

بۆ گەلە گشت بیرو سەرانسەر بڕوام ،
کە ڕۆژێك ڕووناکی دای لە نیشتمان
ئەزانم دێتەدی لای گەلم هیوام :
هەڵبەستم ئەبێتە بەستەی سەر زمان !

٣١ – لەو کاتەدا کە گۆران لە " ژین " کاری ئەکرد بەشێکی مەتەڵی دانا و لەو ڕێگەوە بە یاریێکی خۆش و سرنج ڕاکێش یەک بە یەک گاورە گاوەرکانی کوردی بە خەڵک ئەناساند ، لەوانە عەلی تەرموکی ، مەلەوی ، بەردەشانی و هەر وەها شوێنە دێرینەکانی کوردستان وەک ئەشکەوتی هەزار مێرد وقەڵای دمدم

تەرەماخی عەلی

یەکەم شاعیرمان هەر بە ناو بیستراو
حەوت پیتی کوردی بۆی ئەبێ بە ناو
یەكو پێنج داری گەورەی شیرین بەر
لە یەك هەتا چوار تابووت دێتەدەر
یەکەمو حەوتەم لەگەڵ شەش و دوو
گشت کەس هیی چەوری ئەکا ئارەزوو

زۆردار خستووینیە گێرەو کەشمەکەش
لەشی ڕووتکردووین لە یەك پێنجو شەش
ئەگەر شاعیری دێرینی گەلت
ناسی ، هەر بژی قەڵەمو پەلت (٣٠)

بەردەشانی

وێنەی مەتەڵم لە نۆ پیت پێکهات
شیعری چۆتە ناو گۆرانیی وڵات
نەخوێندەوار بوو ، بەڵام داستانی
خوێندەوارانیش نرخیان ئەزانی
لە یەك تاکو سێ لە ڕواو دەردێ
لە یەك هەتا چوار سەری پێ ئەشکێ
لە شەش تاکو هەشت پێنجیشی لەسەر
چل زمان ئەدا لە زوڵفی دولبەر

سیانو دوو لەگەڵ شەشو پێنج ، یەك ، حەوت
لەم شارەی ئێمەی بڕیوە سرەوت
مەتەڵ هەڵبێنیو بزانی کێیە
ناوت بە زیرەك دائێن بەجێیە (٣٢)

تاوەگۆزی

شوێنەزای پیری شیعری گۆرانی
لە حەوت پیت پێك‌دێ وشەی دوولانی
لە یەك تاکو سێ بارانی شەستە
یەكو پێنجو شەش ڕێی ڕوانین بەستە
منال حەزئەکا لە سێ ، دوو ، شەش ، حەوت
کێ کردی شەش ، دوو لەگەڵ یەك هەڵکەوت
بە بێ چوار ، شەش ، حەوت مەتەڵ هەڵبێنی
(ژین) پێی لێ ئەنێ هونەر ئەنوێنی (٤١)

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٥/ ٠٧/٠٨